تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5873) دووشەممە 18ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

شاخەوان عەبدوڵڵا: پێکهاتەکانی کەرکووک تێگەیشتنی نوێیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە

ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری هاوبەشی پارتی و یەکێتی تایبەت بە بە ڕەوشی کەرکووک دەڵێ، دوور لە چاوی میدیاکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووک، گفتوگۆکانیان بەردەوامن و لێکنزیکبوونەوەشیان هەیە بۆ سنووردارکردنی کارەکانی پارێزگار و ڕێکاریش بۆ لادانی لە پۆستەکەی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی چیک: ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا خیانەتیان لە کورد کرد

میلۆش زیمان، سەرۆکی چیک، بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان (باکووری سووریا)، هێرش دەکاتە سەر ئەمەریکا و ئەورووپا و ڕایدەگەیەنێت، ئەو کارە "خیانەتە" بەرامبەر بە کورد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئاگر لە ژمارەیەک کۆگای بەغدای پایتەخت بەردرا

مانگرتنی گشتی لە فەرمانگە حکوومییەکانی چوار شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگەیەندرا



دوێنێ یەکشەممە لەسەر داوای خۆپیشاندەران مانگرتنی گشتی لە فەرمانگە حکوومییەکان لە چوار شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگەیەندرا، هەروەها فڕۆشگاکانیش داخران. ڕۆژی شەممە خۆپیشاندەران داوایان لەسەرجەم فەرمانبەران و خاون کۆمپانیاکان کردبوو کە ڕۆژی یەکشەممە دەست لە کارهەڵبگرن و مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنن، ئەویش وەک پاڵپشتیکردن لە خۆپیشاندانەکان.

لەلایەکی دیکەوە، لە میانی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە دژی حکوومەتی عێراق، لە شاری بەغدا ژمارەیەک لە کۆگاکان سووتێندران. ژمارەیەک کەسی نەناسراو ئاگریان بەردایە ئەو تەلارەی ژمارەیەک کۆگای لەخۆ دەگرت کە دەکەوێتە کەناراوی ڕووباری دیجلە لە نزیک گۆڕەپانی ئازادی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە:

ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بەو چەواشەکارییانە دەگرینەبەر

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/17 نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا هەواڵێکی ناڕاستی سایتێکی ئەمەریکی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند "ڕێکاری یاساییش بەرامبەر بەو چەواشەکارییانە دەگرینەبەر". ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، هەواڵێکی ناڕاست لە سایتێکی ئەمەریکی بلاوکرابوویەوە و بە شێوەیەکی ناڕەوا ، ناوی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بابەتی کڕینی ڤیلاییکەوە لکێندرابوو. بەداخەوە هەندێ سایت و میدیای ناوخۆش بە شێوەیەکی چەواشەکارانە پەرەیان بەو هەواڵە ناڕاستە داوە، ئێمە لە نووسینگەی سەرۆکی حکوومەت، سەر لەبەری ئەو هەواڵە ڕەت دەکەینەوە و، ڕێکاری یاساییش بەرامبەر بەو چەواشەکارییانە دەگرینەبەر.

نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/11/17

عەلی خامنەیی پاڵپشتی بڕیاری گرانکردنی نرخی بەنزین دەکات

ئێران.. خۆپیشاندەران ڕێگاکانی هاتن و چوونیان لە تاران داخست



هاوواڵاتیانی ئێران بە هۆی گرانکردنی نرخی بەنزین بەردەوامن لە نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندەرانیش ڕێگاکانی هاتن و چوونیان بۆ تارانی پایتەخت داخست. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە خۆجێییەکانەوە وەرگیراون، بەهۆی گرانکردنی نرخی بەنزینەوە ڕۆژی شەممە خۆپیشاندان و نارەزایەتی هاوواڵاتیان لە پارێزگاکانی تاران، فارس، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەسفەهان، مازەندەران، کوردستان، خوراسان ڕەزەویی و تەواوی وڵاتەکە بەردەوام بوو.

لای خۆیەوە، ڕابەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی پاڵپشتی خۆی بۆ بڕیارەکەی حکوومەت سەبارەت بە گرانکردنی نرخی بەنزین دووپات کردەوە و ڕاشیدەگەیەنێت ئەوانەی دژی بڕیارەکە خۆپیشاندان دەکەن و نارەزایەتیی دەردەبڕن، کەسانی ناژاوەچین. ئەم لێدوانەی عەلی خامنەیی لە گوتارێکدا هات کە لە لایەن کەنالی فەرمی ئێرانەوە پەخشکرا.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ئەمڕۆ نووسینگەی پاسپۆرت لە سۆران دەکرێتەوە

قایقامی قەزای سۆران دەڵێ، ئەمڕۆ دووشەممە، نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران دەکرێتەوە و، دەرهێنانی یەکەم پاسپۆرتیش بۆ کەسوکاری شەهیدێک دەبێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

عێراق.. خاوەنی دەیان جۆرە پۆست ناتوانن خۆیان کاندید بکەن

گوتەبێژی نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال هەمواره پێشنیازکراوەکانی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە خاوەنی دەیان جۆرە پۆست بەپێی هەمواره‌کە ناتوانن خۆیان کاندید بکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەرپرسێکی ئەمەریکی:

دەتوانین ئینتەرنێت بدەینەوە هاووڵاتیانی ئێرانی

بەهۆی ئەو خۆپیشاندانانەی لە ئاکامی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لە ئێران بەردەوامن، ئینتەرنێت لە سەرجەم هێڵە جێگیرەکان و هێڵەکانی مۆبایل ڕاگیراوە. ئاژانسی هەواڵی کرێکارانی ئێران ILNA بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئەمنییەکان ڕایگەیاند بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران بڕیاری ڕاگرتنی ئینتەرنێتی داوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

وەزیری بەرگریی سوید خەڵاتێک پێشکەشی دەمیرتاش دەکات

لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، خەڵاتی ساڵی 2019ی ڕێکخراوی هاوپەیمانی پێشکەوتووخوازی سویدی لەلایەن وەزیری بەرگریی سوید پێشکەشی خێزانی سەلاحەدین دەمیرتاش کرد. لە گوتەیەکدا پێتر هۆلتکویست، وەزیری بەرگریی سوید ڕایگەیاند: دەمیرتاش بۆ ئازادی و مافی مرۆڤی گەلی کورد لە تورکیا خەبات دەکات و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە ئێستا لە زیندانی تورکیادایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

بڕیارە کۆتایی ئەم هەفتەیە، پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و لێژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانیش ئامادەکاری بۆ دانیشتنەکە دەکات. خەدیجە عومەر مزووری، ئەندامی لێژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە 2019/11/18 لێژنەکەیان کۆدەبێتەوە و ڕاپۆرت لەسەر پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش دەنووسێت و ڕادەستی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکات.

لەبارەی کاتی دانیشتنی پەرلەمان، ڕوونیکردەوە: پێدەچێت ڕۆژی سێشەممە یان چوارشەممەی ئەم هەفتەیە پەرلەمان کۆببێتەوە، بەڵام تا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاری خۆی لەبارەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە نەداوە.

دلاوەر ئاژگەیی بۆ «خەبات»: زانکۆیەکی هۆڵەندی هاوکاریی کەرتی کشتوکاڵ و کانزای کوردستان دەکات



دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ئاشکرای دەکات بۆ پەیوەندی و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ ناوەندە زانستییەکان لەگەڵ سەرۆکی زانکۆیەکی هۆڵەندا کۆ بووەتەوە.

لەمبارەوە دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە لەگەڵ خاتوو لویس فریسکۆ سەرۆکی زانکۆی (واگینگن)ی هۆڵەندی کۆ بووینەتەوە و بە تێروتەسەلی قسەمان لەگەڵ کردن و لەلایەن سەرۆکی ئەو زانکۆوە پێشوازیمان لێکرا و ئەوەی جێگای دڵخۆشییە دروست دەکەن و دەبێت لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان هەماهەنگی دروست بکەن ، چونکە ئەوان ئامادەن وەک پلان بۆ کشتوکاڵی کوردستان هاوکارمان بن و سوود لە ئەزموونی هۆڵەندا وەربگرین لەو بوارانەی شارەزایین، چونکە هۆڵەندا زۆر شارەزایە لە بواری کشتوکاڵ و داوامان کرد شاندێک بنێرنە کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەو بارەوە گفتوگۆ بکرێت و دەمێنێتەوە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند ئامادەیە.

دلاوەر ئاژگەیی ڕاشیگەیاند: لەگەڵ زانکۆی لۆڤەنی بەلجیکی کۆبوونەوەمان هەیەو لەگەڵ جێگری سەرۆکی زانکۆ گفتوگۆ دەکەین و ئامادەییان دەبڕیوە و لەگەڵ چەند زانکۆیەکی دیکە گفتوگۆمان دەبێت ولەگەڵ ئەو زانکۆیانە هەوڵ دەدەین کە لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان پەیوەندی دروست بکەن و لەگەڵ حکوومەت بەرنامە دابنێین.

دلاوەر ئاژگەیی ئەوەشی خستەڕوو: بۆیە داوامان لە زانکۆی ناوبراو کردووە یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدات لە دروستکردنی تاقیگەیەکی پێشکەوتووی کشتوکاڵی و ئەنجامدانی کۆنفرانسی کشتوکاڵی لە نێوان هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان ، هەروەها بەرهەمە خۆمالییەکانی هەرێم بە هۆڵەندا بناسێنێت و هاوکار بێت لە دۆزینەوەی ئەو بازرگان و کۆمپانیا هۆڵەندییانەی کە خوازیاری کرینی بەروبوومە کوردییەکانن.

لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا، ئاژگەیی تێشکی خستەسەر ڕەخساندنی دەرفەت بە قوتابیانی هەرێم تاکوو سوودمەند بن لە پڕۆگرام و خولی زانستی و ئەکادیمی کە سااڵنە زانکۆی واگینگن لە ڕێگای پڕۆژەی جیاواز و بێبەرامبەرەوە دەیبەخشێت.

ئاماژەی بەوەش کرد: سەرۆکی زانکۆی واگینگن ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی ریفۆرم لە بواری کشتوکاڵ کە سەرجەم لایەنەکانی گۆڕینی کشتوکاڵی کوردستان لەخۆ بگرێت بە مەبەستی دروستکردنی کەرتێکی کشتوکاڵی سەردەمیانە و پێشکەوتوو.



وەزیری بەرگریی سوید خەڵاتێک پێشکەشی دەمیرتاش دەکات

دەمیرتاش بۆ ئازادی و مافی گەلی کورد لە تورکیا خەبات دەکات

K24/ لە ڕێورەسمێکدا لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، خەڵاتی ساڵی 2019ی ڕێکخراوی هاوپەیمانی پێشکەوتوخوازی سویدی لەلایەن وەزیری بەرگری سوید پێشکەشی خێزانی سەڵاحەدین دەمیرتاش کرد.

لە گوتەیەکدا پێتر هۆڵتکویست، وەزیری بەرگری سوید ڕایگەیاند: دەمیرتاش بۆ ئازادی و مافی مرۆڤی گەلی کورد لە تورکیا خەبات دەکات و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە ئێستا لە زیندانی تورکیادایە.

ڕێکخراوی هاوپەیمانی پێشکەوتوخوازی سوید، سااڵنە خەڵاتێکی تایبەت پێشکەشی کەسایەتییە جیهانییەکان دەکات کە لە بواری ئازادی و مافی مرۆڤەوە کاریان کردووە. ڕێکخراوی هاوپەیمانی پێشکەوتوخواز ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و بووەتە چەترێکی نێودەوڵەتی بۆ پارت و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان.

جێی باسە لە 2016/11/4 سەڵاحەدین دەمیرتاش و ژمارەیەک لە سەرکردە و پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بە بیانووی هاوکاریکردن و بانگەشەکردن بۆ پەکەکە دەستگیرکراون.



پۆلیسیا.. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەو پێکدادانی نێوان لایەنگرانی سەرۆکی دەستلەکارکێشاوەی بۆلیڤیا لەگەڵ پۆلیس و سوپادا بوونەتە قوربانی، گەیشتە 17 کەس.

گوتەبێژی نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی ناوەڕۆکی پڕۆژەیاسای نوێی هەڵبژاردنی ئاشکرا کرد

خاوەنی دەیان جۆرە پۆست ناتوانن خۆیان کاندید بکەن

گوتەبێژی نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال هەمواره پێشنیازکراوەکانی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە خاوەنی دەیان جۆرە پۆست بەپێی هەمواوەکە ناتوانن خۆیان کاندید بکەن. سەعد حەدیسی، گوتەبێژی نووسینگەی عەبدولمەهدی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەڕۆکی پڕۆژەیاسای نوێی هەڵبژاردنی عێراقی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە بەپێی پڕۆژەیاساکە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەکرێن کە بەشێکیان لەم خاڵانەدا ڕوون کراونەتەوە:

– ئەو کەسانەی خۆی دەپاڵێوێت، دەبێت لە کاتی خۆپاڵاوتنەکەدا 25 ساڵیی تەمەنی تەواو کردبێت.

– ئەو کەسانەی ئەم پۆستانەیان هەیە، بۆیان نییە لە هەڵبژاردنەکاندا خۆیان بپاڵێون:

1- سەرۆک کۆمار و جێگرەکانی.
2- سەرۆک وەزیران و جێگرەکانی.
3- وەزیرەکان و وەکیلی وەزارەتەکان.
4- سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان و جێگرەکانیان.



5- سەرۆکی دامەزراوە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەکان و جێگرەکانیان.
6- ڕاوێژکارەکان.
7- پارێزگارەکان و جێگرەکانیان.
8- سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.
9- خاوەن پلە تایبەتەکان.
10- بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

– لە دەسەڵاتی دادوەریشدا ئەم کەسانە ناتوانن خۆیان بپاڵێون:

1- دادوەرەکان.
2- ئەندامانی داواکاری گشتی.

– هیچ کەسێک لە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان ناتوانن خۆیان بپاڵێون.

– ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران و ئەوانەی پۆستی باڵایان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و فەرمانبەرانی کۆمسیۆن ناتوانن خۆیان کاندید بکەن.

– ئەو کەسانەی بە لیستی تاکلایەنە دەچنە نێو هەڵبژاردنەکان، لە دانانی بڕە پارەی تەئمیناتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دەبەخشرێن.

– ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 251 پەرلەمانتار پێک دێن کە پێنج پەرلەمانتاری کۆتای مەسیحی، یەک سابیئە، یەک ئێزدی، یەک کوردی فەیلی و یەکی شەبەک دەبێت.

– ئاوارەکان دەتوانن لەو شوێنانەی لێی نیشتەجێن دەنگ بدەن، بەڵام دەنگەکەیان بۆ بازنە ئەسڵییەکەی هەڵبژاردن دەچێت، واتە ئەو پارێزگایەی کە لێیەوە بووە.

– پرۆسەی پەنجەمۆر بۆ دەنگدانی گشتی و تایبەت ئەنجام دەدرێت.

– لە دوای دەنگدانی تایبەت، کارتی دەنگدان لە دەنگدەر وەردەگیرێتەوە، دواتریش لە ڕێگەی یەکە سەربازییەکانیان کارتەکانیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

– هیچ پەرلەمانتار، حزب و کوتلەیەکی تۆمارکراو لە چوارچێوەی لیستە کراوە براوەکانی هەڵبژاردن، بۆیان نییە بچنە نێو هیچ هاوپەیمانی و حزب و لیستێکی دیکەوە، تاوەکوو حکوومەت پێک دەهێندرێت.

– ڕێگە نادرێت هیچ پاڵێوراوێکی براوە لە هەڵبژاردندا بۆ پۆستێک بە پلەی وەزیر لەو خولەی هەڵبژاردن کە تێیدا براوە بووە، کاندید بکرێت.

– عێراق لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا بۆ 18 بنکەی هەڵبژاردن دابەش کراوە.

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە داوای «هاوپەیمانی دیموکراسی» دەکات

هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، سەزای تەمەللی، ڕایگەیاند: لە پێناو وڵاتێکی دیموکراسیدا کە زەحمەتکێشان، ژنان، گەنجان و گەلان و پەیڕەوکارانی ئایینە جیاوازەکان پێکەوە تیایدا بژین، با هەموومان بکەوینە جموجۆڵ. تەمەللی لە میانی بەشداریکردنی لە سێیەمین کۆنگرەی ئاسایی لقی میرسینی پارتەکەیدا بە ئاماژەدان بەوەی لە پێناو کۆماریکی دیموکراتی و ئاشتییەکی پڕشکۆدا بەردەوام دەبن لە تێکۆشان.

هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە ئاماژەی بەوەش دا کە کۆنگرەکانی هەدەپە کۆنگرەی ڕادەستکردنی ئەرک و نۆرە گۆڕین نییە و گوتی: کۆنگرەکانی هەدەپە، کۆنگرەی گەشەسەندن، بەهێزبوون و خستنەڕووی ئیرادەن بەشێوەیەکی پێداگیرانەتر. هەروەها سەزای تەمەللی داوای لە هەموو چین و توێژەکانی تورکیا کرد بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی دیموکراسی و گوتی: لە پێناو وڵاتێکی دیموکراسیدا کە زەحمەتکێشان، ژنان، گەنجان و گەلان و پەیڕەوکارانی ئایینە جیاوازەکان پێکەوە تیایدا بژین، با هەموومان بکەوینە جموجۆڵ. ئەمە هاوپەیمانی دیموکراسییە. بۆیە لێی پەشیمان نین. میرسین، ئیستانبوڵ، وان و دیاربەکر پەشیمان نین.

ئەوەی پێویستە پەشیمان ببێتەوە ئەوانەن کە لە بری ئەوەی بێنە ناو ئەو هاوپەیمانێتییە بەدوای پسوولەوە بوون. بۆیە دەڵێم وەرن بۆ ناو هاوپەیمانی دیموکراسی تاکو هەموومان بەیەکەوە بەردەمی دیموکراسی لە تورکیا بکەینەوە. هیچ گومانێکم نییە لەوەدا سەردەکەوین.

شاخەوان عەبدوڵڵا: پێکهاتەکانی کەرکووک تێگەیشتنی نوێیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە

پەرلەمانی عێراقیش بڕوای بە بڕیاری سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نییە



ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری هاوبەشی پارتی و یەکێتی تایبەت بە ڕەوشی کەرکووک دەڵێ، دوور لە چاوی میدیاکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووک، گفتوگۆکانیان بەردەوامن و لێکنزیکبوونەوەشیان هەیە بۆ سنووردارکردنی کارەکانی پارێزگار و ڕێکاریش بۆ لادانی لە پۆستەکەی.

شاخەوان عەبدوڵڵا لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕایگەیاندووە: دوور لە چاوی میدیاکانەوە، شاندی پارتی و یەکێتی بەردەوامن لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ پێکهاتەی عەرەب و تورکمان، کە چۆن ڕێگەچارەیەک دابنێن بۆ ڕێگریکردنی ئەو پارێزگارەی ئێستای کەرکووک، کە ڕۆژانە خەریکی تاوان و گەندەڵی و هێنانی خەڵکانی گومانباوی و کۆنە بەعسییەکانە بۆ نێو پارێزگای کەرکووک، هاوکات بە هەر ڕێککارێکیش بێت، ئەو پارێزگارە لابدرێت.

شاخەوان عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەش داوە کە لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی شارەکە، لێکنزیکبوونەوەیەک هەیە، بەو پێیەی خەڵکانی دیکە هاتوون و تێگەیشتنی نوێیان هەیە، بۆ چارەکردنی کێشەکان. سەبارەت بە سڕکردنی کارەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش، ڕەخنەیان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەبووە، بەو پێیەی نایاسایی بووە و دواجار لە دادگای فیدراڵ تانەیان لێدراوە و لەبەرژەوەندی کوردیش بڕیاری دا، بەهەمان شێوەش پێیان وایە سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ خۆی ڕێککاری سڕکردنەکەشی نایاسایی بووە.

ناوبراو ڕوونیشی دەکاتەوە، بە پێی یاسای ژمارە 36ی ساڵی 2008 کاتێ کاری پێ دەکرێت، کە هەڵبژاردن لە شارەکەدا ئەنجام بدرێت، بۆیەشە تانەیان لە بڕیاری سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بە کەرکووکیشەوە داوە و، چاوەڕێی ئەنجامی تانەکەیان دەکەن، کە ئەوکات هەڵوێستی دیکەیان دەبێت.

ئەندامەکەی شاندی دانوستانکاری کەرکووک، نایشارێتەوە، کە خودی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش بڕوایان بە بڕیاری سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نییە، بەو پێیەی لە بەرنامەی کاریان ئەوەیان داناوە، ئەنجوومەنی پارێزگاکان دڕێژکردنەوەی کارەکانیان بکەن، هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو.



سەرۆکی چیک: ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا خیانەتیان لە کورد کرد

تورکیا تاوانی جەنگی بەرامبەر بە کورد ئەنجامداوە و نابێت ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا

K24/ میلۆش زیمان، سەرۆکی چیک، بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان (باکووری سووریا)، هێرش دەکاتە سەر ئەمەریکا و ئەورووپا و ڕایدەگەیەنێت، ئەو کارە "خیانەتە" بەرامبەر بە کورد.

میلۆش زیمان، ڕایگەیاند، تورکیا "تاوانی جەنگی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان)" ئەنجامداوە بەرامبەر بە کورد و هاوکاری تیرۆریستانی کردووە و نابێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا. میلۆش زیمان ئاماژەی بەوەش کرد، ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا خیانەتیان لە کورد کرد، لە کاتێکدا ئەوان لە شەڕی دژی داعشدا هاوکارییان کردوون و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە شەڕی دژی داعش بەردەوامن.

سەرۆکی چیک گوتیشی: کاتێک کارمان پێیان هەبوو بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ڕێزمان دەگرتن، ئێستاش دەستبەرداریان دەبین. میلۆش زیمان، ڕەوشەکەی بە خیانەتی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا چوواند، کاتێک لە ساڵی 1938 بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم، پشتیان لە چیک و سلۆفاکیای پێشوو کرد.

حکوومەتی خۆجێی کەرکووک بڕیارێکی دادگا جێبەجێ ناکات

کەسایەتییەکی کاکەیی و داکۆکیکاری مافی کەمینەکانی کەرکووک، دەڵێ، ئەگەرچی دادگای کەرکووک دوو جار بڕیاری داوە، 14 هەزار دۆنم زەویی کاکەییەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێتەوە، بەڵام حکوومەتی خۆجێی پارێزگاکە بڕیاری دادگا جێبەجێ ناکات. ڕەجەب کاکەیی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی خۆجێی کەرکووک جگە لەوەی بڕیاری دادگا جێبەجێ ناکات، هانی عەرەبەکان دەدا و ئاسانکاریشیان بۆ دەکات، کە زەوی و ملکی کاکەییەکان بە شێوەی هەمیشەیی بەکار بهێنن. کاکەیی دەشڵێت: ئێستا 14 هەزار دۆنم زەویی ناوچە کاکەییەنشینەکانی سنووری کەرکووک، بە هاوکاریی حکوومەتی خۆجێی لەژێر دەستی عەرەبەکانە، ئەمە لە کاتێکدا دادگای کەرکووک لە ساڵانی 2007 و 2010شدا ئەوەی یەکلا کردووەتەوە، کە ئەو زەوییانە ملکی کاکەییەکانە، ئەگەرچی بەرنامە هەبوو بۆ ئەوەی بە پلان ئەو عەرەبانە لەو ناوچانە نەهێڵدرێن و، بگەڕێندرێنەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان. بەڵام لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئەم پلانە نەما، ئێستا کار گەیشتووەتە ئەوەی، ڕاکان جبوری ئاسانکاریی تەواو بۆ هاتنی عەرەبی زیاتر بۆ شوێنە کاکەییەنشینەکان دەکات. کاکەیی داوایشی کردووە: هەرچی زووە لایەنە پەیوەندییدارەکان خەمێکی جددی لەو بابەتە بخۆن، بۆ ئەوەی مافی کاکەییەکان بگەڕێتەوە و تەعریبێکی هەمیشەیی بەسەر خاکەکەیاندا نەیەت.

لەسەر داوای خۆپیشاندەران

مانگرتنی گشتی لە فەرمانگە حکوومییەکانی چوار شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگەیەندرا

دوێنێ یەکشەممە لەسەر داوای خۆپیشاندەران مانگرتنی گشتی لە فەرمانگە حکوومییەکان لە چوار شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگەیەندرا، هەروەها فڕۆشگاکانیش داخران. ڕۆژی شەممە خۆپیشاندەران داوایان لەسەرجەم فەرمانبەران و خاون کۆمپانیاکان کردبوو کە ڕۆژی یەکشەممە دەست لە کارهەڵبگرن و مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنن، ئەویش وەک پاڵپشتیکردن لە خۆپیشاندانەکان.

هاوکات وەک پاڵپشتیکردن لە خۆپیشاندەران، دوێنێ دەوامی فەرمی لە دامەزراوە حکوومییەکانداً لە پارێزگاکانی نەجەف، بابل، میسان و زیقار کرانە پشوو.

لەوبارەوە خۆپیشاندەرێک لە نەجەف بە ناوی ڕافد جەمالی ڕایگەیاندووە کە سەرجەم فڕۆشگا بازرگانییەکان لە ناوەڕاستی نەجەف داخراون و خاوەنەکانیان لەسەر فڕۆشگاکانیاندا بە دروشم نووسیویانە: پاڵپشتی لە خۆپیشاندەران دەکەین.

ڕاشیگەیاند: لە بەردەبانی ئەمڕۆ یەکشەممەوە، خۆپیشاندەرێکی زۆر ڕوویان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان کردووە لە ناوەڕاستی شاری نەجەف کە لە نێویاندا فەرمانبەرانی حکوومی هەن. لە لایەکی دیکەوە یەکێک لە خۆپیشاندەرانی بەسرە بە ناوی عەلی عەبدولەتیف ڕایگەیاند کە بەهەمان شێوە لەسەر داوای خۆپیشاندەران دەست بە مانگرتنی گشتی کراوە لە بەسرە و زۆربەی ڕێگە سەرەکییەکانی شارەکە داخراون. هەروەها باسی لەوەش کردووە کە زۆربەی ڕێگە سەرەکییەکانی ناوەڕاستی بەسرە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون و فەرمانبەرێکی زۆریش مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاندووە و هاتوونەتە نێو خۆپیشاندانەکانەوە.



لە میانی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان

ئاگر لە ژمارەیەک کۆگای بەغدای پایتەخت بەردرا

لە میانی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە دژی حکوومەتی عێراق، لە بەغدای پایتەختی ژمارەیەک لە کۆگاکان سووتێندران. ژمارەیەک کەسی نەناسراو ئاگریان بەردایە ئەو تەلارەی ژمارەیەک کۆگای لەخۆ دەگرت کە دەکەوێتە کەناراوی ڕووباری دیجلە لە نزیک گۆڕەپانی ئازادی.

دووکەڵی بەرزەوەبووی سەر تەلارەکەش لە زۆر شوێنی بەغداوە دەبینرا. ئەوەی بووە جێی سەرنج ئەوە بوو بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە نەچوونە شوێنی ڕووداوەکە. جێی باسە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەڕێوەدەچێت و بەپێی دوایین ئامار کە کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بڵاویکردووەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 335 کوژراو و 15 هەزار بریندار کە لە نێویاندا کارمەندی ئەمنی هەن. سەرەتای خۆپیشاندەران داوای باشکردنی وزاریە گشتییەکان، دابینکردنی هەلی کار، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لەبەرامبەریان و کوژران و بریندارببوونی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران بەو هۆیەوە، ئاستی داواکانیان گۆڕی بۆ دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت.



ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکان بەرزدەبێتەوە

بەپێی نوێترین ئامار و داتاکان کە لەبارەی ژمارەی شەهید و بریندارەکان لە خۆپیشاندانی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، تاکوو ئێستا26 کەس گیانیان لەدەست داوە و 147 کەسیش بریندار بوون.

خۆپیشاندان و ناڕەزایی جەماوەریی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دوو ڕۆژە لەبەر گرانبوونی بەهای بەنزین سەری هەڵداوە، بەشێکی زۆر لە شارە گەورەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و ئەو خۆپیشاندانە لە نیوەڕۆی شەممەوە لە شارەکانی کرماشان، جوانڕۆ، سنە، مەریوان زۆر فراوان بووە قوربانیانی لێ کەوتەوە و هێزە ئەمنییەکان ڕاستەوخۆ دەستڕێژیان لە خۆپیشاندەران کردووە و ڕێژەی قوربانیانی هەرکام لەو شارانە بەم چەشنەیە:

جوانڕۆ 14 کوژراو و52 بریندار

کرماشان 5 کوژراو و20 بریندار

سنە یەک کوژراو و25 بریندار

مەریوان 6 کوژراو و50 بریندار. بەپێی زانیاریی میدیا فەرمییەکان ئێران، وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی ئەو وڵاتە ئاشکرای کردووە لەبەر ڕەوشی ئەمنی ئینتەرنێتیان پچڕاندووە و تەنانەت چەند مالپەڕیکی فەرمیی حکوومەتیش ناکرێنەوە و داخراون. بەپێی زانیارییەکان لەبەر پچڕانی ئەنتەرنێت، لە شەوی ڕابردووەوە زانیاری و وردەکاری لەبارەی خۆپیشاندان وئالۆزییەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵات بڵاو نەکراوەتەوە و ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤیش ئاشکرای دەکەن بێگومان ژمارەی کوژراو و بریندارەکان لەوەی بڵاو کراوەتەوە زیاترە.

دوێنێ یەکشەممە خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران و تەورێز و چەند شارێکی دیکەش دریژەیان هەیە.

لە خۆپیشاندانەکانی دوێنێ کە تونددوتیژی و پێداهەڵپرژانی خەڵک و هێزە ئەمنییەکانی لێ کەوتەوە لە چەندین شاری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بانک و ناوەندە ئەمنییەکان و ئۆتۆمبێلی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان سووتێندران.



ئێران... بەهۆی خۆپیشاندانەکان ئینتەرنێت ڕاگیرا

بەرپرسێکی ئەمەریکی: دەتوانین ئینتەرنێت بدەینەوە هاوواڵاتیانی ئێرانی

بەهۆی ئەو خۆپیشاندانانەی لە ئاکامی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لە ئێران بەردەوامن، ئینتەرنێت لە سەرجەم هێڵەکیژەرەکان و هێڵەکانی مۆبایل ڕاگیراوە. ئاژانسی هەواڵی کرێکارانی ئێران ILNAبە پشتبەستن بە سەرچاوە ئەمنییەکان ڕایگەیاند بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران بڕیاری ڕاگرتنی ئینتەرنێتی داوە. بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین بە ڕێژەی لە سەدا 300 لە ڕۆژی هەینییەوە خۆپیشاندان لە ئێران دەستی پێکردووە و تا ئێستاش خۆپیشاندانەکان بەردەوامن.

لە کاتێکدا کاسبکارانی بازاڕی گەورەی تاران ئەمڕۆ قەپەنگی فرۆشگاکانیان نەکردووەتەوە، بەهۆی ئەگەری ئەنجامدانی خۆپیشاندان، ڕێوشوێنی ئەمنی تووندوتۆڵ لە تارانی پایتەخت گیراوەتەبەر.

لەلایەکی دیکەشەوە دوای ڕاگرتنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە ئێران بۆ کەردنەوەی خۆپیشاندانەکان، بەرپرسێکی ئەمەریکی ڕایگەیاند، دەتوانن خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت بۆ هاوواڵاتیانی ئێران بگەڕێننەوە.

ریچارد گرینیل، باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا ڕایگەیاندووە، ئەوان تەکنەلۆجیای پێویستیان لەبەردەستە کە بتوانن ئینتەرنێت بدەنەوە هاوواڵاتیانی ئێران و دەڵێت: دەتوانین ئینتەرنێت بدەینەوە هاوواڵاتیانی ئێرانی، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی بڕیار و کۆنترۆڵی حکوومەتی ئێران، پێویستە لەسەر ئەوروپا و ئەمەریکا ئەو کارە ئەنجام بدەن.



لە شیراز دوو بەنزینخانە و دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیس سووتێنران

ئێران.. خۆپیشاندەران ڕێگاکانی هاتن و چوونیان لە تاران داخست

هاوواڵاتیانی ئێران بە هۆی گرانکردنی نرخی بەنزین بەردەوامن لە ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندەرانیش ڕێگاکانی هاتن و چوونیان بۆ تارانی پایتەخت داخست. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە خۆجێییەکانەوە وەرگیراون، بەهۆی گرانکردنی نرخی بەنزینەوە ڕۆژی شەممە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هاوواڵاتییان لە پارێزگاکانی تاران، فارس، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەسفەهان، مازەندەران، کوردستان، خوراسان ڕەزەویی و تەواوی وڵاتەکە بەردەوام بوو.

لە هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی فەرمیی حکوومەتی ئێراندا هاتووە، لە شیراز خۆپیشاندەران دوو بەنزینخانە و دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان سووتاندووە. جگە لەوەش شەقامە سەرەکییەکانیان داخستووە و زیانیان گەیاندووە بە بانکێکیان سووتاند.

لە سێیەمین ڕۆژی خۆپیشاندانەکانی ئێران کە بە ناڕەزایەتی دژی بەرزکرنەوەی نرخی بەنزین دەستیپێکرد پەرەدەستێنێت و تا دێت بەرفراوان دەبێت، هێزە ئەمنییەکانیش بە گازی فرمێسکڕێژ، ئاوی بە تەوژم و گوللەی ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندەران.

خۆپیشاندەرانی ئێران بەهۆی گرانکردنی نرخی بەنزینەوە ناڕەزایەتیان دەربڕیووە بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ماوە ماوە دروشمی دژ بە ڕژێم بەرز دەکەنەوە و لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا گرژیی و ئاڵۆزیی دەکەوێتە نێوانیانەوە.

سەرۆکی داواکاری گشتیی ئێران هۆشداریی دەداتە خۆپیشاندەران

سەرۆکی داواکاری گشتیی ئێران محەمەد جەعفەر مونتەزەری، ئەو خۆپیشاندانەی کە سەرانسەری وڵاتەکەی گرتۆتەوە لەدژی گرانکردنی نرخی بەنزین، بە دەستێوەردانی دەرەکی ناوبرد و هۆشداریی دایە ئەوانەی کە دەیانەوێت شیرازەی وڵات تێکبدەن بەوەی کە زۆر بە تووندیی ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

محەمەد جەعفەر مونتەزەری لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی فەرمیی ئێران هەڵسەنگاندنی بۆ دۆخی خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەی کە بەهۆی گرانکردنی نرخی بەنزینەوە سەریانهەڵداوە و بووەتە هۆی کوژرانی خۆپیشاندەرێک. مونتەزەری، ئاماژەی بەوەش کرد کە خۆپیشاندانەکان لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەدەبرێت و جەختی لەوەکردەوە گرووپێک هەیە دەیانەوێت شیرازەی ئێران تێکبدەن و ڕایگەیاند: خەڵکی ناڕازییە لەم دۆخەی کە لەلایەن تێکدەر و دۆڕاوەکانەوە دروستکراوە. ئەوانەی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خەڵکی هاندەدەن، هۆشداریی دەدەمە سەرچاوە دۆڕاوەکانیان لە دەرەوەی وڵات. ئەم چالاکییانە تاوان دروست دەکەن و لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و دادگاوە زۆر بە تووندیی وەڵام دەدرێنەوە.

شایەنی باسە ڕۆژی هەینی حکوومەتی ئێران ڕایگەیاند نرخی لیتریک گازۆلن لە10 هەزار ڕیاڵەوە دەبێتە15 هەزار ڕیاڵ و بۆ هەر ماشینێک تەنها 60 لیتر دانراوە، ئەگەر لەو ئاستە زیاتر بکڕن دەبیتە 30 هەزار ڕیاڵ بۆ هەر لیتریک. ئەم هەنگاوەی کاربەدەستە باڵاکانی ئەنجومەنی ئابووری وڵاتەکە تووڕەبوونی لە سەرانسەری وڵاتەکە دروست کرد. ئێرانییەکان لە ساڵی ڕابردووەوە ڕووبەڕووی فشارێکی زۆری ئابووری بوونەتەوە لەو کاتەوەی کە سەرۆکی ئەمەریکا دانۆڵد ترامپ بڕیاری یەکلایەنانەی بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ناوکییەکەی دا و سزای ئابووری خستەوە سەر ئەو وڵاتە.



شاندێکی رەوەندی کورد داوای پاڵپشتیکردنی کوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی نەرویژ دەکات

ساسان دەروێش- هۆڵەندا

رەوەندی کورد لە یەکێتیی ئەورووپا هەمیشە پاڵپشتی گەل و کوردستان بوونە و بەردەوام هەوڵەکانیان بۆ گەیاندنی پەیامی گەلی کورد بە دونیای دەرەوە و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، چڕکردووەتەوە، بە تایبەتی لە رووداوە پڕ کارەساتەکانی ئەمسالی کوردستانی گەورە بە دەنگی بەرز داوایان لە وڵاتانی ئەورووپا کرد بە هانای رۆژئاوای کوردستانەوە بێن. شاندێکی دیپلۆماسی لە نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە مەحمود بیرۆ و رۆدی ئەلگین و مەنسور عەزیزی و محەمەد ئەسکەندەر، بە نوێنەرایەتیی زیاتر لە 17 پارت و کۆمەڵەی سیاسی و کولتووری کوردستان، بە فەرمیی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی نەرویژیان کرد لە ئۆسلۆی پایتەخت.



لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بیورن دیسڤیک، بەرپرسی مەکتەبی گشتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی نەرویژ و ئەندریاس گەورە راوێژکار لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێکرد و شاندی کوردستان بە چڕوپڕی قسەیان لەسەر بڕش و دەستدرێژییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و رەوشی سیاسی لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان کرد، بە تایبەتی هەوڵدان بۆ تێکدانی رەوشی ئارامی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی عێراق و گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ تاک حزبی و تا دەگاتە گۆڕینی دەستووری عێراق، بەرپرسانی نەرویژیش پەیمانیاندا هاوکاریی کوردستان بکەن لە پێناو ئارامی و سەقامگیریی نەتەوەی کورد لەسەرخاکی خۆی.

محەمەد ئەسکەندەر بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەکەمان سەرکەوتوو بوو و پەیامی کوردبوونی خۆمان بە فەرمی گەیاندە ئەم وڵاتە بەوەی چیتر بێدەنگ نەبن لە ئاست ئەو هەموو زوڵم و داگیرکارییانەی لە دژی کوردستان دەکرێن بە بەرچاوی هەموو دونیا و دەزگا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، هەروەها داوامان کرد گوشار بخرێتە سەر ناتۆ کە بەرپرسی یەکەمی نەرویژیبە تا ئاست ئەو پێشێلکارییانەی لە دژی رۆژئاوای کوردستان دەکرێن، بێدەنگ نەبن و چاو لە قوربانییەکان بکەن، وێڕای ئەو کاولکارییەی شار و شارۆچکەکان و ئاوارەبوونی خەڵکەکانی و چیتر چەک بەداگیرکارانی کوردستان نەفرۆشرێت کە دەستپێشخەربوون لەو بڕیارەیان و ئەوەی تا ئێستا شنەی هەوای دیموکراسی و ئازادی تێدایە هەرێمی کوردستانە کە دەسەڵات تێیدا دەستاودەست دەکات لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن کورسی دەسەڵات ئاڵوگۆڕ دەکرێ و تێیدا کایەکانی ژیان بە ئارامی و سەقامگیری ژیان بەردەوامە و کەمە نەتەوەکان تێیدا وەک یەک دەژین و ماف و ئازادیان یەکسانە، بەڵام لە پارچەکانی تر دەکوژرێن و شوێنی خواپەرستییان تێکدەدەن و لەسەر خاکی خۆیان و دیوگرافیی ناوچەکەیان دەگۆڕن بەهێنانی کەسانی بێگانە بۆ سەر خاکەکەیان، بۆیە داواتان لێ دەکەین هاوکاری ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، کە زیاتر لە 2 ملیۆنن و کەشوهەوا بەرەو بەفر و زستان دەچێت و گوشارێکی گەورە بەتەنها لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دایە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری.



شەنگە هاوار کاکەیی

یەکڕیزی تاکە ڕێگەی زامنکردنی مافە دەستوورییەکانمانە

خۆپیشاندان و ناسەقامگیریی دۆخی ئەمنی عێراق و بەرزکردنەوەی هوتافاتی (نیشتمانمان دەوێت) ئەو پەیامە بوو کەوا ئاراستەی چینی سیاسەتگەرای عێراقییەکان کرا لە ناوچەی سەوز، کە تەنیا بۆ بەرپرسانی هاوردە بە ئەجێندای دەرەکییەوە سەوزە. هەرچەندە پەیامی خۆپیشاندەران روون و ڕەوانە لە پاڵ مافی هاوواڵاتی بوونیان و داخوازییە شەرعییەکانیان بۆ کابینەوەی هێڵی هەژاری و فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە بۆ عێراقییەکان، کەچی دەبینین ڕووی ئاراستەی داواکارییەکان گۆڕان بۆ ئینتهاکێکی تازەی دەستووری و زۆر خێراش کارتی گۆڕینی دەستووری عێراقی فیدراڵ هاتە ئاراوە، وەکو کرێوەیەکی ساردکەرەوە بۆ کوژانەوەی گڕی هەڵگیرساوی جادە و شەقامەکان، کە دەنگی ناڕەزایی و هەڵچوونەکانیان لە تڕۆپکدایە، لەگەڵ فڕێدانی ئەم کارتەش، چونکە دوور بوو لە داخوازییەکانیان، خۆپیشاندەران تووڕەتربوون و شەڕانگێزییەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەپەردەسەندن دایە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا لە هەلومەرجێکی ئاوا تەمومژاوویدا تەعدیلی دەستوور چۆن دەکرێت؟ بۆچی دەستوور هەر لە بنەڕەتدا جێبەجێ کراوە تاوەکو هەوڵی تەعدیلکردنی بدرێت! دواتریش لەم ئانوساتەدا! بۆچی کێشەی ئێستای تاکی عێراقی دەستوورە یا گوزەربوونە لە هێڵی هەژاری و ناشەفافیەتی داهات و سەرچاوە ئابووریییەکانی عێراقە کە کەس نازانێ لە چ مەنگییەک نوقمە، کە وەڵای بەرپرسانی باڵای بەغداش بۆ کۆماری ئێرانە، ئەم ڕوئیایە زۆر بە ڕوونی ئاشکرایە.

بۆیە یەکێک لە دەرهاوێشتە گرنگەکانی برسیکردنی تاکی عێراقی لە سەرجەم پارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە کە سالانێکی دوورودرێژە بەشە بودجەی بردرابوو و بە ئومێدی چارەسەر دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتیش پارتی هەوڵ و تەقەڵای زۆری داوە تاکو کێشەکان کەمبکرێنەوە. دیارە لێدوانی بەڕێز دکتۆر بەشیر حەداد بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە گوایە هەنگاوی عەمەلی نراوە بۆ تەعدیلی دەستووری عێراق بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک پێکهاتووە و شەش لە ئەندام لیژنەکان کوردن و بەپێی لێدوانی دکتۆرە قیان سەبریش کورد حەقی قیتۆی هەیە ئەگەر هاتوو بڕگەیەک لە بڕگەکانی تەعدیل دژی بەرژەوەندی کورد بێت. جا پرسیار ئەوەیە: لە کەش و فەزای تەماویدا تەعدیل چۆن دەکرێت؟ تەعدیل پێویستی بەزەمەنە بەلای کەم ساڵێک تاوەکو دەستوورێکی پوخت و سەخڵەم و بێ کەموکوڕی بێت، خۆ ئەوانەی کاریان لەو لیژنانە کردووە ئەو ڕاستییە دەزانن کە چەندە سەختە بڕیاردان و ئیشکردن لەسەر بڕگەکانی دەستور بەپێی سەرچاوەی کارکردن و لە جێبەجێکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم پێکهاتە ئیتنییەکان لە عێراقدا، هەروەها دەبێ ڕاوێژ بە چەند دادوەر و قازی بە ئەزموون بکرێت بۆ ئەم مەفادە، کە لە بنەڕەتدا دەستووری عێراقی کە هەموار کرا نەکەوتە بواری جێبەجێکردن، تاوەکو دەرهاوێشتەی جێبەجێکردنەکەی وێنا بکرێ.

تا ئێستا مادەی سەدوچل جێبەجێ نەکراوە و هێشتا عێراقییەکان نازانن ئاخۆ میللەتی کورد دراوسێیەکی باشە یا خراپە! هەر زووبەزوو بڕیار درا ئەم مافە پێشێل بکەن بێ گەرانەوە بۆ شەقامی کوردی کە هاووڵاتیبانی تینووی سەربەخۆیێ و کارتی ریفراندۆمیش لەباخەڵیان گەرمە.

ئەوەی تا ئێستا جێگای زەبابیەتە خەمساردی کوردە، بۆچی کورد پەنای نەبردە بەر مەحکەمەی ئیتیحادی کە تاکە پەناگای یاسایی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە دەستوورییەکان؟ خۆ کورد کێشەی لەگەڵ شەقام نییە، کورد کێشەی لەگەڵ نوخبەی سیاسی هەیە لە ڕەتکردنەوەی مافە نەتەوایەتی و دەستوورییەکانی کە لە نادەستووری عێراقی دانی پێنراوە و لە واقیعیشدا پەراوێز خراوە، بۆیە یەکڕیزیی نەک ڕەنگڕێژی تاکە ڕێگەیە بۆ زامنکردنی مافە دەستوورییەکانمان.

*** ماستەر لە یاسای گشتی - زانکۆی حیکمە بەیروت**

تورکیا.. هۆکارە سەرەکییەکەی خراپیی ڕەوشی ئابووریی

لە یەک ساڵدا سێ هەزار و 316 کەس کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە

کۆمەڵناسێکی تورک: قەیرانی دارایی زۆر بووە و ئاستی هەژاریش لە تورکیا تا دێت خراپتر دەبێت

دوو هەفتە بەرلە ئێستا، لە گەڕەکی فاتیح لە ئیستەنبوڵ چوار خوشک و برا بە پەت لەناو ماڵەکەی خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت لەبەر هەژاری و نەداری کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، ئەمەش وایکرد دەزگاکانی مافی مرۆڤ و سۆسیالەکان بەدواداچوونی ورد بکەن بۆ دیاردەی خۆکوشتن لە تورکیا. خۆکوشتن لە تورکیا ساڵانە ڕێژەیەکی بەرز تۆمار دەکات، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش خراپیی ڕەوشی ئابووریی تورکیایە.

دەزگای ئاماری تورکیا بڵاوی کردەوە، لە ساڵی 2018دا لە تەواوی تورکیا سێ هەزار و 316 کەس کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆکوشتنیش هەژارییە. مالپەڕی BBCی تورکی لە بەدواداچوونێکدا ئاشکرای دەکات، کە لە ساڵی 2018 لە تورکیا سێ هەزار و 316 کەس خۆیان کوشتووە، بەمەش لە هەر ڕۆژێکدا لە تورکیا 8 کەس خۆی دەکوژێت. هەر بە گوێرەی مالپەڕەکەش، زۆرترین ڕێژەی خۆکوشتن لە تورکیا لە ئیستەنبوڵ تۆمار دەکرێت، کەمترینیش لە ئەرزنجان و ئارتڤین و کیلیس تۆمار دەکرێت.

چەند شارەزایەکی بواری کۆمەڵناسی لە تورکیا، پێیان وایە لە 2019 ڕێژەی خۆکوشتن لە تورکیا زۆر زیاترە لە هەموو ساڵەکان، چونکە قەیرانی دارایی ئەمساڵ زۆر بووە و ئاستی هەژاریش لە تورکیا تا دێت خراپتر دەبێت.

دوێنێ دەزگای ئاماری تورکیا بڵاوی کردەوە، لە تورکیا 14ی هاووڵاتیان بێکارن، ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی ناویان تۆمار نەکراوە و بەوانیشەوە ڕێژەی بێکاری 22 دەبێت. بەهۆی ئەوەی لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار ئاستی دابەزیوە، بۆیە موچەی فەرمانبەر و مامۆستای زانکۆ بەشی بژێوی ژیان ناکات، ئەوانەش لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، موچەکەیان لەچاو موچەی کەرتی گشتی کەمترە. ئەمەش هەر بە گوێرەی بەدواداچوونی میدیاکانی تورکیا.

کەمال ئاریکان مامۆستای زانکۆ لە تورکیا لە بەشی سۆسیۆلۆژی، قسەی بۆ مالپەڕی BBC کردووە و دەڵێت یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی خۆکوژی بە شێوەیەکی گشتی قەیرانی دارایی و بوونی شەڕە لە وڵات، تەنانەت بۆ ئەم پرسە گوتەیەکی فەیلەسووف ئێمەیل دورکهایم دەهێنێتەوە کە دەڵێت هەموو خۆکوژییەک لایەنی خراپی ئیکۆتۆمی و بوونی شەڕە. ئاریکان ئاماژە دەدات کە لە تورکیا قەیرانی دارایی و شەڕ هەیە، بۆیە خۆکوشتنیش بووەتە کێشەیەکی زۆر جیدی لە تورکیا و پێویستە بەپەلە ڕێی لێ بگیرێت.

ڕێکخراوی (فاو)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کردووە، ساڵانە لە تەواوی دنیا 800 هەزار کەس خۆیان دەکوژن، هەروەها لە هەر 40 چرکەدا کەسێک خۆی دەکوژێت. ئەو ڕێکخراوە بڵاوی کردووەتەوە کە 70ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لەبەر هەژاری و نەداریی و تورکیا لە ریزبەندی 100ەمین وڵات دێت لەڕووی ڕێژەی خۆکوشتنەوە. هەروەها لیتوانیا لە پلەی یەکەم دێت لەڕووی ڕێژەی خۆکوشتنی هاووڵاتیانی و پاشان ڕووسیا و غانا و کۆریای باشوور دێت.



عەلی خامنەیی پاڵپشتی بڕیاری گرانکردنی نرخی بەنزین دەکات



ڕابەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی پاڵپشتی خۆی بۆ بڕیارەکەی حکوومەت سەبارەت بە گرانکردنی نرخی بەنزین دووپات کردەوە و ڕاشیدەگەیەنێت ئەوانەی دژی بڕیارەکە خۆپیشاندان دەکەن و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن، کەسانی ئاژاوەچێن. ئەم لێدوانەی عەلی خامنەیی لە گوتارێکدا هات کە لە لایەن کەناڵی فەرمی ئێرانەوە پەخشکرا.

ڕابەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە لە خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک کەس بوونەتە قوربانی و ئەمە وێڕای ئەوەی هەندێک لە دامەزراوە حکوومییەکان وێرانکراون، بێ ئەوەی وردەکاری زیاتر لەوبارەوە بخاتەڕوو. عەلی خامنەیی خۆپیشاندەرانی بە کەسانی ئاژاوەچی وەسف کرد و گوتی: "ئەوانەی دژی بڕیاری حکوومەت بۆ گرانکردنی نرخی بەنزین خۆپیشاندان دەکەن و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن، کەسانی چەتە و ئاژاوەچێن و، هەروەها لە لایەن دوژمنانی شۆڕشی ئێرانەوە هاندراون بۆ ئەوەی تووندوتیژی ئەنجام بدەن. ڕابەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە پاڵپشتی لە بڕیارەکەی سەرکۆماری وڵاتەکەی، حەسەن ڕووحانی دەکات سەبارەت بە گرانکردنی نرخی بەنزین و گوتیشی: "لەئێستادا نرخی بەنزین لە ئێران لە ئاست جیهاندا، زۆر هەرزانترە. لە دوو ڕۆژی ڕابردوو بەهۆی بڕیاری حکوومەتی ئێران بۆ گرانکردنی نرخی بەنزین، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین لە پارێزگاکانی تاران، فارس، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەسفەهان، مازەندەران، کوردستان، خوراسان ڕەزەویی و تەواوی وڵاتەکە ئەنجامدراو کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە. لە میانی خۆپیشاندانەکانی ئێران گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویداوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژراون و بریندارببوون.

هەسەدە: بۆ چۆڵکردنی تەلتەمر هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ ڕووسیا نەکردووە

ڕووداو: گوتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ڕەتیدەکاتەوە هێزەکانیان لەگەڵ ڕووسیا لەبارەی چۆڵکردنی تەلتەمر ڕێککەوتبێ و دەڵێت: سوپای تورکیا و چەکدارانی سەر بە تورکیا تاوەکو ئێستا هێرشدەکەنە سەر گوندەکانی تەلتەمر. دوێنێ یەکشەممە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند: بەپێی ئاگربەستەکەی نێوان هەسەدە و تورکیا دەبێ هەسەدە هێزەکانی لە ناوچەکانی گوندەواری تەلتەمر بکشێنێتەوە تاوەکو گوندی سۆدە لەسەر ڕێگەی سەرێ کانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە بەرامبەردا دەبێ گرووپە چەکدارەکانی هاوپەیمانیی تورکیا لە سووریا لە ناوچەکە بکشێنەوە بە ئاراستەی شاری سەرێ کانی و هەموو گوندەکانی دەوروبەری تەلتەمر چۆڵبکەن. ڕوانگەی سووری ئاماژە بەوەش داوە "هێزەکانی حکومەتی سووریا و هێزەکانی ڕووسیا ئەو بۆشاییە پردەکەنەوە و هێزەکانی ئاسایش و هێزی ناوخۆ بەردەوام دەبن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە تەلتەمر، هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە چەکدارانی گرووپە چەکدارییەکانی هاوپەیمانی تورکیا لە گوندی عالییە لە تەلتەمر کشانەوە و هێزەکانی حکومەتی سووریا چوونە نێو گوندەکە." هەر بەپێی "ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان هەسەدە و تورکیا بە نێوەندگیریی ڕووسیا "دەبێ هێزەکانی هەسەدە یەک کیلۆمەتر لە ڕێگەی ئێم فۆر بکشێنەوە. بەڵام جیاواز لە ڕاگەیێندراوەکەی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەسەدە ئەو هەواڵە لەبارەی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا و تورکیا ڕەتدەکاتەوە.



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە سەردانێکیدا چەندان پڕۆژە و کارگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاکرێی بەسەرکردەوە



دوێنێ یەکشەممە، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەت، هەروەها بەڕێوەبەرانی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون، ئاو و ئاوەڕۆ، پڕۆژەکان، بە مەبەستی بەدواداچوون و بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکان و پلانی داهاتوو و پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و پرسی گەشتیاری و شوێنەواریەکان سەردانێکی مەیدانی شاری ئاکرێ کرد. لە میانەی سەردانەکەیدا سەردانی قائیمقامیەتی ئاکرێ، بەڕێوەبەرایەتیی ئاو، شارەوانیی ئاکرێ، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار کرد.

لە بەشێکی دیکەی سەردانەکانیدا، بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە بەڕێوەچوونی کارەکانی کارگەی ریسایکلینی ئاکرێ، سەردانی کارگەکەی کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەری کارگە و بەرپرسانی کارگەکە کۆبۆوە و دواتر سەردانی تەواوی بەشەکانی کرد و لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ چۆنیەتی کارکردنی کارگەکە کرد و داوای لێکردن کە رژد بن لە جیاکردنەوەی جۆری خاشاکەکان، گوتیشی، دەبێت هەموو پێداویستییەکی تەندروستی و ڕێگەیەکی سەلامەتی بۆ کارمەندان بگیرێتەبەر و ئەوەی لە توانای وەزارەت و حکوومەتیشدا بێت، بۆ سەرخستنی ئەو کارگەیە دەگیرێتەبەر و بایەخی زیاتر بە کارگەکەش دەدرێت.

هاوکات لە سەردانێکی مەیدانیدا بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی کارکردن و بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەو سنوورە، جەختیکردەوە لەوەی ئاکرێ مێژووێکی دێرینی هەیە و پێویستە خزمەتی زیاتری خەڵکەکەی بکرێت.

بەرێوەچوونی قۆناغەکانی تەواوکردنی پڕۆژەی ئاوی ئاکرێ، سەردانی پڕۆژەکەی کرد، کە ئێستا بەشی زۆری کارەکانی تەواو بووە و پڕۆژەکەش هی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە و بە تەواوبوونی گرفتی ئاو لە ئاکرێ چارەسەر دەکات، بەوەی لە رۆژێکدا توانای دابینکردنی 36 ملیۆن لیتر سێجا ئاوی هەیە. وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە تەواوی دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەو سنوورە، جەختیکردەوە لەوەی ئاکرێ میژووێکی دێرینی هەیە و پێویستە خزمەتی زیاتری خەڵکەکەی بکرێت.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر:
ئەمساڵ هەموو هاووڵاتیان نەوتی سپی وەردەگرن



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر رایگەیاند، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ دابینکردنی نەوتی سپی کردووە و دەستیش بە دابەشکردن کراوە.

دەشڵێ، ئەمساڵ هەموو هاووڵاتیان نەوتی سپی وەردەگرن.


عەلی رەشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیاند ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ کاری بۆ دابەشکردنی نەوتی سپیی مالان کردووە و دەستیش بە دابەشکردنی نەوت کراوە و بەشێکی هاووڵاتییانیش نەوتیان وەرگرتووە.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر راشیدەگەیێنێت ، نەوتی سپی بە قۆناغ دابەش دەکرێت و ناتواندرێت هەموویان پێکەوە بدرێت، بەڵام ئەمساڵ هەموو هاووڵاتیان نەوتی سپی مالان وەردەگرن، کە هەر جارە و بەشێکی نەوت دەگات و هەر کە گەیشتیش، دابەش دەکرێت.

کاری تەکسی لە هەرێمی کوردستان بە سیستەم دەکرێت

دوێنێ یەکشەممە، بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا رایگەیاند کە لە ئەمڕۆوە چەسپاندنی لۆگۆ بە تاکسییەکان دەستپێدەکات و ، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پێویستە شوفێران پابەندی بڕیار و ڕێنماییەکان بن. لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا گوتی: لەئەمڕۆ پڕۆژەی لێدانی لۆگۆ و ڕەنگی تایبەت بە تاکسی شارەکان دەست پێدەکات و ماوەی شەش مانگ مۆڵەت دەدرێت بە شوفێران بۆ تەواوکردنی کارەکانییان. سەلاح جەوهەر گوتیشی: پێویستە شۆفێران سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکانیان بکەن بۆ وەرگرتنی فۆرمی تایبەت و دەستکردن بە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە. هەر لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێم لیوا عەبدولقادر عەزیز وەکو نوێنەری وەزارەتی ناوخۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە خەریکی ئەو پڕۆژەیەین کە هاووڵاتیان زۆرجار باسی ئەوەیان دەکرد کە کارمەندانی وەزارەتی ناخۆ و پێشمەرگە هەڵدەستن بە کاری شوفێری تاکسی کە ئەمەش ڕێگاپێدراونییە و ناکرێت کاری تاکسی بکەن و ڕێگا لە هاووڵاتییان بگرن، بۆیەش ئەم پڕۆژەیەمان خستە واری جێبەجێکردنەوە.

قایمقامی قەزای سۆران:
ئەمڕۆ نووسینگەی پاسپۆرت لە سۆران دەکرێتەوە



قایمقامی قەزای سۆران دەڵێ، ئەمڕۆ دووشەممە، نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران دەکرێتەوە و، دەرهێنانی یەکەم پاسپۆرتیش بۆ کەسوکاری شەهیدێک دەبێت.

کرمانج عزەت، قایمقامی قەزای ناوەندی سۆران ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە، کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ، نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران بە ئامادەبوونی بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم و، پارێزگاری هەولێر و قایمقامی هەر چوار قەزای سۆران و ڕەوانەدۆز و میرگەسۆر و چۆمان، بەرپرسی فەرمانگەکانی سنووریکە دەکرێتەوە.

قایمقامی قەزای سۆران گوتیشی: لەم نووسینگەیە دەرهێنانی پاسپۆرت و نووێکردنەوە دەکرێت و، بینا و کەوپەل و دانانی کارمەندەکان تەواو بووە، ئەمڕۆش وەفدی هونەری بەغدا هاتوون و، هەر ئەمڕۆش ئەوان کارەکانیان تەواو دەبێت و، لەگەڵ کردنەوەی نووسینگەکە دەرهێنانی یەکەم پاسپۆرت بۆ مالی کەسوکارێکی شەهید دەبێت.


کرمانج عزەت دەشڵێ: کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لە قەزای سۆران هەنگاوێکی زۆر گرینگ و بەسوودە بۆ دەڤەرەکە و زیاتر لە 340 هەزار کەس لە سنووری هەر چوار قەزا لە کردنەوەی نووسینگەکە سوودمەند دەبن.

ئەو ئارامی و دەستکەوتانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن هەمووی لە سایەی خوێنی شەهیدانە



حەسەن حەدۆ بەرپرسی لقی 26 گولانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ سەرگورد کریم کارگێڕی لق و عەشقی مەلا بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالْ کراونی سۆران بەمەستی هەواڵپرسین لە ڕەوشی تەندروستی سەردانی حەمەدئەمین شێخ زادە کوڕی دایکە عائشە خاوەنی سێ ڕۆڵەی شەهید کرد کە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام درابوو، بەرپرسی لق هیوای زوو چاک بوونەوەی بۆ خواست و ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ هەر هاوکارێەک کە بۆیان ، شایانی باسە بنەماڵەی بەڕێزیان قوربانی زۆریان داوە لە پێناو خاک و نیشتیمان و ئەو ئارامیە و دەستکەوتانەی کە هەن لەهەرێمی کوردستان هەمووی لە سایەی خوێنی شەهیدانە. حەمامین شێخ زادەش کوڕی دایکە عائشە سوپاسی بەرسی لقی کرد کە لە نزیکەوە لەڕەوشی تەندروستی منتان پرسی و بەهاتنی ئێوە زۆر خۆش حاڵ بووین.

ڕووداوێکی هاتووچۆ
گیان لەدەستدانی کەسێک و بریندار بوونی 3 کەسی دیکەی لێکەوتەوە



وتەبێژی هاتووچۆی هەولێر رایگەیاند کە سەر لەبەیانی دوێنێ یەکشەممە/17/11 2019 لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- خەبات، کە ئێستا لەژێر نۆژەنکردنەوەدایە بارهەڵگرێک بەهۆی هەوڵی تێپەڕاندنی هەڵەوە چووە سەر ڕێگای ئۆتۆمبێلێکی کیای تایبەت کە بەرەو خەبات دەچوو، لە ئەنجامدا پێکدادان دروست بوو، بەو هۆیەوە شوفێری کیایەکە گیانی لەدەستداو 3کەسی دیکەش برینداربوون

وتەبێژی هاتووچۆی هەولێر ڕاشیدەگەیێنێت ، لەکاتی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ڕووداوەکە دەرکەوت بارهەڵگرەکە لەگەڵ 3 بارهەڵگری دیکە بەیەکەوە لە ڕێگابوونە و هەوڵیانداوە پێکەوە بمێننەوە، ئەمەش وایکردووە جۆرێک لە پێشکەوتنەوە لەنێوانیان دروست بێت، بۆیە یەکیان کە دواکەوتبوو هەوڵی دابوو لە ئۆتۆمبێلەکانی دیکە لەبارهەڵگرەکان تێپەڕێت بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕێگایەکە کراوە بە یەکسایە ، بەهۆی نۆژەنکردنەوە ئەمەش وایکردبوو ڕێگا دابخات لەسەر کیایەکە کە بەرەو خەبات دەچوو، لە ئەنجامدا ڕووداوی هاتووچۆ دروستبووە.

وەزیری کارەبا هەردوو پڕۆژەی وێستگەی ئازادی نوێ و ڕاکێشانی هێڵێکی پاڵەپەستۆی بەرزی بەسەرکردەوە

کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا بەیاوەری بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا و تیمێکی تایبەت بە ڕاکێشانی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز؛ بەمەبەستی لەنزیکەوە بەدواداچوونی کارووپڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا پێش نیوەڕۆی دوێنێ ڕێکەوتی 17/11/2019 ئەندازیار ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی گەڕەکی ئازادی گفتوگۆی کرد کە گرفتیان لە ڕاکێشانی هێڵەکە هەبوو، وەزیری کارەبا بۆ هاووڵاتییەکانی ڕوونکردەوە کە ئەو پڕۆژەیە لەخزمەتی هاوڵاتیان و بەرژەوەندی گشتی سەرجەم شاری هەولێردایەو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان نابێت بەتایبەتی کە ڕاکێشانی هێڵەکە لە ناو سنووری زەویەکانی وەزارەتدایە. لەتەوەرێکی سەردانەکەیدا وەزیری کارەبا لەگەڵ ئەندازیاران و شارەزایانی پڕۆژەکە گفتوگۆی کردوو دوای لێکردن بەپێی کوالێتی و مەرجەکانی وەزارەتی کارەبا لەکاتی خۆیدا پڕۆژەکە تەواو بکەن.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری کارەبا چاوپکەوت بەنوێنەری ژمارەیەک لە کرێکاران و کارمەندانی فەرمانگەو بنکەکانی چاککردنەوەی کارەبا لەسنووری شاری هەولێر، لەکۆبوونەوەیەکدا وەزیری کارەبا لەنزیکەوە گوێبستی داواکاریی و پێشنیارەکانی نوێنەرانی فەرمانگەو بنکەکانی چاککردنەوەی کارەبا لەسنووری شاری هەولێر و بەسوودە بۆ کارەبا وتی: کرێکاران و کارمەندانی چاککردەوەی کارەبا پێشمەرگەی ئاوەدانی و ڕووناککردنەوەی کوردستانن و لەم پێناوەدا چەندین کرێکارو کارمەندی بەتوانایان لەدەستداوەو قوربانیەکی زۆریانداوە.

وێستگەی هۆکاری پیسبوونی هەوا لە هەرێمی کوردستان دادەنرێن

د. هەڵۆ عەسکەری، سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، گوتی:3 پڕۆژەمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە پڕۆژەی زۆر گرنگن بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوانیش بەکارهێنانی زەرفی کاغەز لە شوێنی نایلۆن، کە ئێستا وردە وردە جێبەجێ دەکرێت و، تا چەند ساڵێکی دیکە بەتەواوی هەموویان دەبێتە زەرفی کاغەز و، ئەوەی دیکە وێستگەی دانانی کوالیتی هەوایە، کە پێویستمان بە کۆمەڵێک ئامێر هەیە بۆ هەولێر و سلێمانی، بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری پیسبوونی هەوا چیە و لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین و، ئەوەی دیکە پڕۆژەی بوتڵی ئاوی پلاستیکە بۆ ئەوەی کە بەکار هات، ریسایکل بکرێتەوە، چونکە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەتوانن بیتوێننەوە و دووبارە سودی لێ وەرگرنەوە.

د.هەڵۆ عەسکەر گوتیشی: پڕۆژەی کوالیتی هەوا پڕۆژەیەکی گەورەیە و داوای نیوملیۆن دۆلارمان کردووە، چونکە دەمانەوێت پێوانەی ئەو غازانە بکەین کە لە کارگە و مۆلیدە و ئۆتۆمبێلەکان و، وێستگەی کارەبا دەردەچن کە سەرچاوەی پیسبوونی هەوان، بەپێی ئەو وێستگانە دەزانین تا چەند پیس بووە و چۆن چارەسەری بکەین.







ژنە فرۆشیارەکانی ناو بازاڕی قەڵادزێ لە خەمەکانیان دەدوێن

لە بازاڕەکەدا جگە لە شیر و ماست و پەنیر هێلکە و کولێرەی گەرم و سەوزە و کۆمەڵێک خواردنی دیکەی کوردەواری بەدی دەکرێن

خەبات – شادان قادر

هەروەکو خۆیان باسی لێوە دەکەن لە وەرزی بەهاردا بازاڕی کاریان باشترە، بەڵام لەگەڵ پێگەیشتنی پەنیر بازاڕی ماست کەم دەبێتەوە، پەنیرەکە لە مانگی 4 تاوەکو مانگی 6 دەبەن بۆ شاخ و لە ناو کونە پێست دایدەنێن، لەوەرزی پایزدا پەنیری وشک پێدەگات و ئەوان دەڵێن ئێواران لە شاخی قەندیلەوە پەنیرەکە دەهێننەوە بۆ ناو شار و باسی سەختی ڕێگاکە دەکەن و ئاشکرای دەکەن تائێستا سەدان کەس لەو ڕێگایە توشی ڕووداو بووە و گیانی لەدەست داوە.

پورە فاتم تەمەنی 63 ساڵە و ماوەی 20 ساڵە هەموو ڕۆژێک لە گوندی بێگەڵاسی پشدەرەوە دێتە ئەم مەیدانە بۆ فرشتنی بەرهەمەکانی و بۆ (خەبات) دەڵێت:" هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر 6ی بەیانیەوە دێمە ئێرە بۆ فرۆشتنی ماست و پەنیر".

گوتیشی: ڕۆژانە خۆم بە عارەبانەیەکی دەستی ماست و پەنیر دەگوازمەوە بۆ ئەم مەیدانە بازارم زۆر خراپە و زۆربەی ڕۆژەکان دوکاندارەکان بێزارم دەکەن و دواتریش بەبیانووی ئەوەی ئێرەم پیس کردووە پاکی دەکەنەوە پێم.

ئەو فرۆشیارە باس لەوەش دەکات، کە خێزانداراە و چەند ساڵێک بەر لە ئێستا هاوسەرەکەی بە هۆی مینەوە چاوێک و هەردوو دەستی لە دەست داوە و سەختی ژیان وایلێکردووە پەنا بۆ ئەم کارە ببات.

ئاماژە بەئەوەش دەکات، لە ڕەمەزانانداا بازارمان کەمترە، بەڵام ناچارین بێین بۆ ئەوەی کرپارەکانمان لە دەست نەدەین، کە ئێمە نەبین دەبن بە کرپاری کەسانی دیکە.

پورە فاتم زیاتر گوتی: " سەوزە و شتی تر بەکەمی دەتوانین بهێنین لەبەرئەوەی دوکاندارەکانی بازاڕ ڕێگامان پێنادەن ئەو شتانە بهێنین کە ئەوان هەیانە، زۆرجاریش ماستەکەم بۆ نافرۆشرێت و لێرە دەیکەم بەخێر یان دەیدەم بە دوکاندارەکان".

دەشڵێت: ساڵانی ڕابردوو باشتر بوو لەئێستا لەبەرئەوەی قەیرانە و خەڵک کەمتر شت دەکرن، نەخۆشی دڕێژخایەنیشم هەیە ئەو پارەی کە وەری دەگرم بەشی مەسرەفی دکتۆرییشم ناکات، هەروەها سێ منداڵی کوڕە تاقانەکەم بەخێو دەکەم کە ماوەی چوار ساڵە شەهید بووە و لە ماڵەوەش خۆمان پێنج کەسین و هیچ کاسبکارێکیشمان نیە.

هیوا ڕەسوڵ، کرپاری هەمیشەیی پورە فاتمەیە گوتی:" لەبەرهەمەکانیان ڕازیم، بەڵام پێموایە شوێنێکی گونجاویان نییە ئەم بازارە، ئەگەر بێت و شوێنێکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت باشترە و گۆڕینی شوێنەکەش هیچ لە بازاڕی ئەوان کەم ناکاتەوە، لەبەرئەوەی کرپار شوێنێکی پێویست بێت خۆی بەدوایدا دەگەڕێت".

زیاتر گوتی: قەیرانەکە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر بازاڕی ئەوانیش بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، چونکە ئەوکات ڕەنگە کرپارەکان توانیبێتیان لە یەک کاتدا ماست و پەنیر و کولێرە بکرن، بەڵام لە ئێستادا تەنها توانای کرینی یەکێک لەو بەرهەمانەیان هەیە".

پورە ئامینە کە تەمەنی 70 ساڵە و ژنێکی دیکەی مەیدانەکەیە بە تەنیشتی پورە فاتمەوە دانیشتووە و باس لەوە دەکات، پێشتر مانگا و گامێشی هەبووە و ماستیشی فرۆشتووە، لەبەر ئەوەی ئێستا وەکو جاران توانای نەماوە و ئەو هەموو کارەی پێناکرێت زۆر جار هاوسەرەکەی بە ئامادەکراوی سەوزە و ماستەکەی لە گوندەوە بۆ دەهێنێت و ئەویش ڕۆژانە لەبازاڕ دەیان فرۆشێت و زۆرجاریش بەهەرزانتر لە خەڵکی دیکەیان دەکڕێت و دەیفرۆشێتەوە.

باس لەوەش دەکات، لە سەردەمانی کۆندا ژیان زۆر باشتر و خۆشتر بوو پشتمان بەخۆمان دەبەست و بۆ ساتێکیش بئ کار دانەدەنیشتین و خاوەنی بەرهەمی خۆمالّی خۆمان بووین، ئێستاش ئەگەر ناچاری نان پەیداکردن نەبم بەم تەمەنەوەخەریکی سەوزە فرۆشتن نابم کە هیچ خێرێکی بۆم نیە .

مەیدانی ماست فرۆشان لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە هەرچوار وەرزی ساڵدا بەدی دەکرێت و ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینانی دەڤەرەکە بەشێکی خەرجی ماڵ و منداڵەکانیان لە ڕێگای فرۆشتنی بەرهەمەکانی شیر دەستەبەر دەکەن.

لەم بازاڕەدا جگە لە شیر و ماست و پەنیر هێلکە و کولێرەی گەرم و سەوزە و کۆمەڵێک خواردنی دیکەی کوردەوار بەدی دەکرێن، کە کرپاری باشیان هەیە و بەپێی قسەی ئەو فرۆشیارانە بێت ماست و پەنیر کرپاری زیاتریان هەیە.

هەروەها ژنێکی دیکەی ئەم بازاڕە بەناوی شوکریە تەحمەد، باسی سەختی ڕێگای گوندەکان دەکات و دەڵێت:" ڕێگا و بانەکان وەکو سەنگەر وایە بەڵام گەر گوێ بەو شتانە بدەین کارمان بۆ ناکرێت، هەرچەند ڕۆژێک دەبێت پەیژەی یەکێک لەو دووکانانە کەوت بە سەر سەرمدا و چەن ڕۆژێک لە نەخۆشخانە مامەوە و تا ئێستاش ئازارەکەی هەر ماوە.

ئاگاداری نرخی بازاڕ نەبووم و بە زەرەر ماستەکەم فرۆشتووە".

شوکری بەردەوام دەبێ لە قسەکانی و دەڵێت: "بۆ خۆم و ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەم خەریکی ئەم کارەین، ماوەی 10 ساڵ زیاترە نانی بەیانیم نەخواردووە لە مالّی خۆم، وە زۆر جار نانی بەیانی و نیوەڕۆ پێکەوە لە عەسردا دەخۆم و ڕەمەزانان لە پارشێوانەوە هاتومەتە ئێرە، زۆربەی ڕۆژەکان ئەو پانتۆڵە پیاوانەی لەبەرمدایە بۆتە سەرین و دۆشەک و هەموو شتێکی من و ئێوارانیش لە پێناو دەست کەوتنی تیکێ نان لێرە بەربانگمان کردۆتەوە.

بەشێک لەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە لەسەر شەقام دەمێننەوە

ئەرکی حکوومەتە مشووری ئەو دیاردەیە بخوات و جێگە و مەئوایەک بۆ ئەو کەسانە دابین بکات، کە نەخۆشی دەروونییان هەیە

وێنە و دیمەنەکان زۆرترن لەوانەی لەم گۆشەیەدا بڵاوکراوەنەتەوە، ئەوانەی لەسەر شەقامەکان دەبندرێن و جیگە لە هەراسانکردنی خەڵک، مەئوایەکیشیان نییە تیایدا بژین، ئەوان مرۆڤی ئاسایین و هەیانە بە هۆکارێک ببرو هۆشی لەدەست داوەو هەیشیانە لە ئەزەلەوە لە ڕووی دەروونییەوە تووشی نەخۆشی بووە، بەڵام ئەرکی هەمووان و لە پێشەوەی هەموانیشەوە ئەرکی حکوومەتە مشووری ئەو دیاردەیە بخوات و جێگە و مەئوایەک بۆ ئەو کەسانە دابین بکات کە نەخۆشی دەروونییان هەیە و لەنێو کۆمەڵگەی کوردی بە (شێت) ناودەبرێن. ئەوانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە و لەسەر شەقامەکان شەو دەکەن بەڕۆژ و ڕۆژیش هەر کات و ساتێک لەو ترافیک بۆ ئەم شەقام دێن و دەچن، هەندێکیان هاونیشتیمانی ئەم وڵاتەن و هەندێکیان لە شار و ناوچەکانی دیکەی عیراقەوە پەراگەندە بوونە، بەگشتی و دواجار ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە و پێویستە شوێنێکی شیاویان هەبێت هەم تیایدا بژین و هەمیش چارەسەر وەربگرن، ئەگەرنا دیمەنەکان جگە لەوەی ناخهەژێنن، زۆرجاریش کێشەو گرفتی جیاجیای لێ کەوتۆتەوەو دیاردەیەکی ناشارستانی و دووریشە لە بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی.

فۆتۆ: کارزان دزەیی



گرنگی سەردانەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا


خەبات: تریفە ئازاد

رۆژی چوارشەممەی ڕابردوو13/ 11/ 2019 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەردان گەیشتە بەغدا و لەلایەن هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی بەغدا و بەرپرسانی دیکەی بەغدا پێشوازی لێکردا، لەدیدارەکانیدا سەرۆکی هەرێم پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ ئارامی و سەقامگیریی ئەمنی و سیاسیی عێراق و هەنگاوەکانی حکوومەتی سەرۆک وەزیران بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بۆ چاکسازی و بەدەنگەوەچوونی داواکاریی ڕەوای هاوواڵتیان دەربڕی، هەروەها جەختی لە پێویستی و گرنگیی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و پشتگیریی لایەنە سیاسییەکان لە کابینەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکان دووپات کردەوە. هەروەها دواپێن پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و کاریگەریی دۆخەکە لەسەر تەواوی عێراق تاوتوێ کران. لە تەوەرێکی دیکەدا پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و دۆخی ئەمنیی عێراق بەگشتی و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر تاوتوکران. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدەین گرنگی و ڕاوبۆچوونی چاودێر و سیاسەتمەداران دەربارە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ خوێنەران بخەینە ڕوو.



نەدا مێرگەسۆر:

کێشە لە خودی دەستوور نییە، کێشە لە جێبەجێ نەکردنی دەستوورە



مزەفەر تاهیر:

سەردانەکە بەیەکێک لەسەردانە هەرە گرنگ و سەرکەوتووەکان دادەنرێت



ئومێد قوربانی:

هەرێم دەتوانێت ڕۆڵی چارەسەری لە کێشەکانی ئێستای بەغدا ببینێت

سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا هەنگاوێکی گرنگ نەدا مێرگەسۆری پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی سەردانەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەردانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کاتە هەستیارەی عێراقی پێداتێپەڕ دەبێت، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەو گێژاوەی تێیی کەوتووە، چونکە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەزموونی چارەسەر کێشەکان و کردنەوەی گرێ ئاڵۆزەکانی هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە گەیاندنی پەیامی پشتگیری هەرێم بوو بۆ سەقامگیری ئەمنی و سیاسی ، هەنگاوێکیش بوو بۆ جەخت کردنەوە لە هاوکاری و هەماهەنگی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەرکەوتووەکان دادەنرێت.

بەرۆکی حکوومەتی عێراقی گرتۆتەوە. شەقامی عێراقی لە ناوەراست و باشووری عێراق و ناوچە شیعییەکان تووشی شڵەژان و خۆپیشاندان و نارەزایی بووە لە نەگەیاندنی وەزیران عادل عەبدولمەهدی) خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ هاوڵاتیانی عێراق کە ئوبالی ئەمەش بە دەرجەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەتەکانی پێش حکوومەتی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی کە کێشە کەڵەکەبووەکانی حکوومەتەکانی خۆیان پشتگوێ خست و چارەسەریان نەکرد و خزمەتگوزاری پێویستیان پێشکەشی خەڵکی خۆیان نەکرد. ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆکی هەرێم هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ لە نزیکەوە خستنەڕووی بیروبۆچوونی هەرێم لە هەمبەر بابەتی هەستیاری هەمواری دەستوری عێراق کە لەم کاتە ناسکەدا کردویانەتە بیانوو بۆ دەستکاری کردنی هەندێک بڕگەو بەندەکانی. خەڵک داوای خزمەتگوزاری دەکات، کەچی دوای 16 ساڵ لە پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاری و نەبوونی حوکمی ڕەشید، دێن و داوای هەموارى دەستور دەکەن. کێشە لە خودی دەستور نییە، کێشە لە جێبەجێ نەکردنی دەستووره. نییەتی هەموارکردنەوەی دەستور هێشتا بە ڕوونی دیار نییە کە ئایا چی کەم دەکەن و زیاد دەکەن، بەڵام هەر بیانوویەکیان هەبێت، نابێت ببێتە هۆی دەستکاری کردنی هەر بڕگەیەک کە هەرێمی کوردستانی پێ لاواز بکرێت، چونکە ئەمە لای کوردستانیان قابیلی قبول نییە.

داواکاری شەقام و هەمواری دەستور دووشتی لێک جیاوازن

مزەفەر تاهیر، نوسەرو چاودێر لە بارەی گرنگی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دۆخی ئێستای عێراق و سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا: ڕەوشی عێراق لە لێواری تەقینەوەیەکی کاولکارە دەنگی نارەزای شەقامی عێراقی زادەی برسییەتی و ئازار و ستەمی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانیەتی لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ـ هاوڵاتیانی عێراق لەدۆخێکی سیاسی و ئەمنی نالەباردا دەژین ڕێژەی هەژاری ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەبەرز بوەدایە ، ژێرخانی ئابووری و شارستانی و پەروەردەیی لەپاشەکشەیەکی مەترسی دار دایە هاوڵاتیان داوای ڕەوایان هەیە کەخۆی لەژیانێکی شەرەف مەندانە و دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیریدا ببینێت، لێ ئەوەی مەترسیە ئەجندای پشتی داواکاری خۆنیشاندەرانە، بەسوود وەرگرتن لە خرۆشانی دەنگی نارەزایی ئەجندای هەرێمی و هەندێک گروپ و حزب تێکەڵ بەداواى ڕەوای خۆنیشاندەران کراوە هەرچەندە هیچ لایەنێک خۆی بەخاوەنی ئەوکۆدە مەترسیدارانە ناکا بەڵام لوتکەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەڕوونی ڕەهەندەکانی ئەو کۆدانەی بەگشتی ڕەتکردەوە کەئامانج لێی لێدانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوریەکانیەتی . بەدیوێکی تر هەوڵێکە بەئاراستەی لەباربردنی ئەوپەیوەندیانەی کەلەماوەی کابینەکەی عادل عبدولمەهدی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی بالآدا گرنگی و بایەخی بەرچاوی بەخۆیە بینیووە سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دیدارەکانی لەسەر ئاستی بالآی حکومی و حزبیدا دووپەیامی ڕوون بە عێراق دەدات:

1- هەرێمی کوردستان لەمەنتقی هێزدایە و پالپشتی لەمانەوەی عادل عبدولمەهدی و کابینەکەی دەکات کە ئێستا گرنگە بۆهەرێمی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەولێر و بەغدا.

2- لەگەڵ داواکاری ڕەوای هاوڵاتیانی عێراق داینە و پێویستە حکوومەتیش گۆڕانکاری و چاکسازی بکات کە لەبەرژەوەندی گشتی دابێت، ئەوی گرنگە ڕەهەندەکانی پشتی سەردانەکەی بەڕێزیان کەبریتییە لەناوەڕۆکی گفتوگۆکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراق لەئەگەری هەموار کردنەوەی هەرماده و برگەیەکی دەستووری پێویستە سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت بەپێچەوانەوە دەست بردنە بۆ هەر برگەیەک کەتیدا مافەکانی خەڵکی کوردستانی تێداجێگیر کراوە قابیلی قبوڵ کردن نیە و بەلای هەرێمی کوردستان هێلی سورە، چونکە داواکاری شەقام و هەمواری دەستور دووشتی لێک جیاوازن، شەری شەقامی عێراقی لەگەڵ حکومەتی عێراقە نەک هەرێمی کوردستان ,ئەوەی بوە مایەی دڵخۆشی هەموولایەک سەرۆکی هەرێم بەرلەوەی بچێتەبەغدا بەئامانجی یەک گوتاری کورد کۆبونەوەیەکی گشتی حزب و لایەنەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی ئەنجامدا و سەرجەم سەرکردە و سکرتێری حزبەکان تێیدا ئامادەبوون، ئەوەش پەیامێکی بەهێزبوو بۆئەوانەی لەپشتی خۆپیشاندانەکانە کە خەون بە هەڵوەشانەوەی هەرێم و تێکدانی یەک ڕیزی نیشتمانی کورد دەبین، بۆیان ئاشکرابووە کورد لەنێوخۆدا ئەگەر ڕای جیاوازیشی هەبێ، لەهێڵەگشتییەکان هاوڕان و یەک دەگرن و مساوەمە لەسەرمافە دەستووری و یاساییەکانی خۆیان ناکەن. بەگشتی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم هەم لەنێو خۆ و هەم لە دەرەوەش بەیەکێک لەسەردانە هەرەگرنگ و سەرکەوتوەکان هەژماردەکرێ چونکە ڕووی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستانی نیشانی هەموو دنیایدا کەکورد گەلێکی ئاشتی خوازە و لەگەڵ هیچ هەولێکی تێکدەرو فەوزەوی هاوبەشنییە و لەهەمان کاتیشدا پالپشتی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەموو خەڵکی عێراقە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەکات.

کۆوبونەوەکان لە سەر ئاستی باڵا، گرینگی زۆری هەبوو بۆ کورد

ئومێد قوربانی، دەرچووی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان لە بارەی سەردانی سەرۆکی هەرێم و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی عێراق لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و گرنگییەکانی لەم کاتەدا نیشانەیەکە بۆ بە هاناوە چوونی هەرێم بەڕووی ئەو قەیرانە سیاسی و ئاسەقامگیرانەی لە بەغدا هەیە ، بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و نالەباری بارودۆخی شڵەژاوی ئاسایش. بەم سەردانەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، هەرێم دەتوانێت ڕۆڵی چارەسەری لە کێشەکانی ئێستای بەغدا ببینێت و پشتگیری لە سەقامگیری شەقامی بەغداش بکات، وەک نیشاندنی پشتگیری بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی بەڕێز عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەمەش ئەگەری کۆمەڵێک دەرەنجامی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێت بۆ کورد و هەرێمی کوردستان بەگشتی. کەوایە دەکرێت گرنگی ئەم جۆرە سەردانانە خۆیندنەوەی ئەوەی بۆ بکرێت، بە کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەکان تێڕوانینی بەغدا بۆ پرسی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئەرێنی تر دەربکەوێت و لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەی زیاتر و خێراتر لە سەر کۆی پرسەکانی نێوانیان دروست بکات. جگە لەمەش کورد باشتر لە تێڕوانینی بەغدا دەگات سەبارەت بە پرسی هەموارکردنی دەستور و ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و دەستوورییانەی کە سەرکردەکانی بەغدا نیازیانە ئەنجامی بدەن، هەروەها هەرێم لەو ڕێگەوە دەتوانێت ئامادەکاری و خۆیندنەوەی پێشوەختە بکات و پلان و هەڵبژاردەی شایستە دیاربکات بۆ تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دێنە پێشمان لەپێناو پارستنی پێگە هەرێم و مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم و خەڵکی کوردستان. لەبەر هەموو ئەوانە ئەو سەردانەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەو کاتەدا بە بەهاناوەچوونێکی تەواو ژیرانە و ئەخلاقیانە هەژمار دەکرێت بۆ ئەوەی شەقامی بەغدا هێور بونەوەیەک بەخۆیەوە ببینێت و ئارامی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و کۆبونەوەکانیش لەسەر ئاستی باڵا گرینگی زۆری هەبووە بۆ کورد.

قوتابی و بیردانکا هەستا نەتەوایەتی



سەربەست خالد کۆچەر

قوتابی دەولەمەندترین چینا جڤاک و دەولەتێ یە. هەڤدەم د هشیاری و پێشکەفتێ و دەستڤەئینانا ئایندەکێ سەرکەفتی دا، قوتابی پێشرەو پێشەنگێ هەمی بزاڤەکێ یە. ئەو وەلاتێن بەرەڤ پێش و پێشکەفتی هێزا خوە ل سەر بیر و زانستێ قوتابی بنیات دانایە ، قوتابی رۆلەکێ دیار هەیە د تێکۆشین و شورەشین گەلان دا و کاریگەری ل سەر وان نەتەوە و جڤاکێن پێشکەفتی هەیە ، بێن ئەڤرۆ د گوپیتکا ب هێزبوونێ دا.

مرۆڤایەتی ئەڤرۆ ل سەر بنیاتێ نەتەوایەتییێ دابەش بوویە د سەر چەند دەولەتا دا ل دویڤ بریارا نەتەوەییێ ئێکگرتی ,هەر مللەتەکێ مەرجێت نەتەوایەتی هەبت ئەو ماف هەیە بریارا چارەنڤێسێ خوە ئەو بخوە بدەت, نەخاسمە ئەگەر بیتە دەولەت.

ب درێژایا دیرۆکێ کێشا رەوایا کوردان ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ بوویە مەترسی ل سەر دوژمنان. ژبۆ چارەسەرکرنا ڤێ کێشێ چ رژێمەک نەشیایە ریکە چارەیەکا دروست بینت ,بتنێ زمانێ چەکی ب کارهاتیە ل دژی مافێن گەلێ مە. ب هەموو شێواز و ئامرازان دوژمنی خوە نەدایە پاش ژ گوهڕینا پێکهاتا (نەتەوە ,کەلتور، جڤاکی و جوگرافیا دەڤەرێ). هەلبەت تشتەکێ ئاشکەرایە کو هەردەم سیاسەتا رژێمێن گوریەگور ئەو بویە بۆ نەهێلانا گەلێ مە.

ژبەرهندێ ب وی گیانێ ئێکگرتن و بەرخودانێ کاریکەین ژبۆ پەرەپێدان و چاندنا هزرا (نەتەوەی و نیشتمانی) د شیان و بیردانکا قوتابی دا، کو ئەرکێ سەرەکیێ هەر سازیەکێ یە. چونکی ب هێزکرن و بنیاتدانانا بنچینەیی بیردانکا بیروباوەرێن نەتەوەیی، نیشتمانیی و فەرهەنگا کەلتورێ وەلات پاریزیێ, ئاسۆیەکێ پرشنگدار و گەشە بۆ گەل و وەلاتی.

ئێکەم پێنگاڤا پێشڤەبرنا بەرپرساتیا مەزنا هزرا (نیشتمان پەروەریی ,نەتەوە پەرستی و دەستنیشانکرنا خالێن ژیانێ). ئەرکێ رەوشەنبیرانە ,پرۆسەکا گرنگە تایبەت د رێیا دیمۆکراسیەتێ دا، داکو وەلاتەک ساخلەم ل سەر بنەمایەک موکوم بهێتە ئاڤاکرن ئەڤە ژی دچیتە د خانەیا نیشتمان پەروەریێ دا.

ئەرک و رۆلێ هەری مەزن ,ئەڤرۆ ژبۆ قوتابیان ڤەدگەریت د بەرەڤانیکرن و بەردەوامی دان ب رەسەنایتا نەتەوەبوون و خەباتا بێ راوەستیانا بزاڤا رزگاریخوازیا گەلێ مە، کو باشترین گولەیە ژبۆ دوژمنان. داکو شەرمزار نەبین بەرامبەر مللەت و دیرۆکا خوە چونکی میژوویێ دوو دەرگەھ هەنە:

دەرگەهێ سەرفەرازیێ و دەرگەهێ رووەرشیێ و زبلدانێ.

پاراستنا دەستکەفتان و دەستنیشانکرنا رۆژێن سەخت و بریقەدار یێن شۆرەشێن گەلێ مە یێن ئێک ل دووڤ ئێک ,ئەرک و هەلسەنگاندنەکا دیرۆکی یە ,ژبۆ هشیارکرنا نڤشێ نوو ,و لڤاندنا هەستا نەتەوەیی و تەناکرنا وژدانا مرۆڤی.

پێدڤیە ئامارێ پێ بکەم کو قوتابی سیاسەتا تۆندوتیژی و قرکرن دژی کوردان بێ مفایە ، داگیرکەر نەشێن گیانێ بەرخودانێ ل دەڤ مللەتێ مە ببڕین.

ل ڤێرێ دشێم بێژم ب ئەمانەت وەکو قوتابیەک چەند خالان دانمە سەر چەند پەیڤان ژبۆ دیرۆکێ (دوهی، ئەڤرۆ, ئایندەی) کو ژبیرنەکەین قوتابیان تنێ ئێکگرتن ,ئێکرێزیامە سمبۆلە ژ بۆ پاراستنا دەستکەفتێن ئەڤرۆ و شەرمزارکرنا دوژمنان ل هەر پارچەکێ. کو رۆژا گەشا ئازادی و سەربەستیێ ل ئا سمانێ وەلاتێ مە دێ هەلدەت، گری و هەوار و ئیرادا دایکێن شەهیدا و خورتێن چەلەنگێن وەلاتی ,دێ بنە سرودێن نیشتمانی و سترانێن شادیا رزگاربوونێ. بژیت یەکگرتنا کوردان.



یادی چلەی ماتەمینی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵدا

2

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین کەسایەتییەکی ناسراو، هەڵکەوتووی بواری ڕۆشنبیری ، سیاسییە، پسپۆڕ، شارەزایەکی بە ئەزموون ، گەورەی ئەکادیمیی بواری ئەدەب ، ڕێزمانی کوردییە. لە ساڵی 1934دا لە سلێمانی لەدایک بووە ، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە. خاوەنی بڕوانامەی دوو دکتۆرایە، لە ساڵانی شەستەکاندا ئاوێتەی نێو کاری شۆڕش ، سیاسەت بووە، کەسێکی نزیک بووە لە مستەفا بارزانی ، لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە ، ڕۆڵی دیاری تێدا بینیوە. پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە ڕۆژی 3ی 10ی 2019 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە هەمان ڕۆژا هەر لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا.

لەیادی چلەی ماتەمی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا، لەچەند زنجیرەیەک لە دیمانەیەکی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بڵاو دەکەینەوە کە چەند بیرەوەرییەکی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی دەگێڕێتەوە و ئەم دیمانەیە لە کێتی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بڵاو بۆتەوە.

بۆ گێڕانەوەی ئەو یادگاری ، ڕۆژگارە سەخت ، دژوارانە ، چەند ئاکار ، کردەوە ، هەڵوێستی بارزانی، لە شاری سلێمانیدا زانیار سەردار قڕگەیی سەردانی پرۆفیسۆر دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کرد ، دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەتەکدا ساز کرد و لە کتێبی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بڵاوکردۆتەوە.





نزیکەی 50 ساڵ بەر لە ئێستا بارزانی بیری لەوە کردەوە، کە حزب لە بەڕێوەبردنی ئیدارات جیا بکرێتەوە

*** ماوەیەک لای بارزانی مایتەوە ئەی چ شتێک سەرنجی ڕاکێشایت؟**

– بارزانی بە شەو نەدەنووست، بە ڕۆژ کەس نەیدەزانی لەکوێیە، جگە لە کاک ئیدریس ، کاک مەسعوود.

بارزانی لەسەر کەفائەت کاروباری دەدایە خەڵکی، تەنانەت لەناو خانەوادەکەی خۆشیدا، هەر لەکۆنیشدا لەناو خێزانەکەیاندا وا بووە، چونکە شێخ ئەحمەد کوڕی هەبوو، بەڵام دەیگوت: خۆم (مەلا مستەفا ، شێخ سادق)م هێناوەتە پێشەوە ، کارم پێ سپاردوون.

شتێکی سەرنجڕاکێش ئەوەبوو، کە بارزانی تێکڕا ئاگای لە دنیا ، جیهان هەبوو، ئاگاداری ڕووداو ، گۆڕانکارییەکانی جیهان بوو، بەتایبەتی ئاگای لە هەموو هەواڵەکان هەبوو، کەسێکی دانابوو بە ناوی (مەلا باقی) کە خەڵکی کوردستانی ئێران بوو، تەنانەت جاری وا هەبوو کە هەواڵێکی گرنگ بوایە ڕادیۆکەی بۆ دەهێنا ، دەیگوت: قوربان گوێ لەمە بگرە.

بارزانی لێبوردەیی تێدابوو، ڕەنگە لەگەڵ هەندێ کەسدا کە دوژمنی بووبن لێبووردنی نەبووبێ، یا بەو شێوەیە نەبووبێ، بەڵام بەگشتی لێبووردنی هەبوو. ئەوەی بیزانییایە خراپەی کردووە ، چاک دەبێ لێی دەبووری، ئەوەی بیزانییایە چاک نەدەبوو ئەوا لێی نەدەبووری. جارێک بارزانی خۆی بۆی گێڕامەوە، کە کاربەدەستی کورد لە شاری ناسریە هەبوون ، بارزانی لەوێ بووە، هاتبوون بەدوای بارزانیدا ، (دەعوەتیان) کردبوو بە پارێزگار ، مدیری مەعاریف ، زابت تەجنید کە کورد بوون، بەو مەبەستەی بارزانی سەرکردەیەکی کوردە، وبستبوویان ڕێزی لێ بگرن ، بانگهێشتی نانخواردنی بکەن، بارزانی گوتی: ئەو جەماعەتە کەوتنە هەجووی شێخ مەحمودی نەمر، بارزانی گوتی: چوم بەگژیاندا ، گوتم: تۆ ئەمە بوویت ، تۆ ئەوە بوویت لە لای شێخ، ئەگەر ئەو هەڵە بوو نەتانهێشتایە بیکات، یان ئەگەر خراپ بوو بۆ ڕێتان پیشان نەدا، گوتی: نانەکەم نەخوارد ، بەجێم هێشتن، چونکە بەرامبەر بە شێخ مەحمود بێبڕیڕدانییان دەکرد.

بۆیە دەڵێم: بارزانی شێخ مەحمودی زۆر خۆشدەویست، ئیتر سەبەبەکان ڕەنگە شتی نێتوان هەردووکیان بێت، بەڵام ئاشکرا نییە. لێرەوە کە چووە مەهاباد، شێخ لەتیف یارمەتییەکی زۆری دابوو، جگە لە بارزانیش شێخ لەتیف یارمەتی زۆر کەسی تری دابوو، هەرچەندە ئەوە باری شۆڕش بوو، فیداکاری بوو، من ماوەیەک چوومە دەرگەڵە لای حزبی شیوعی، چوومە خزمەتی بارزانی لەسەر ئاوەکەی حاجی هۆمەران بوو، گوتم: قوربان ئەوە من هاتمەوە، عەرزم کردی بۆ ناو شۆڕش هاتمەوە، ئەوە چوومەوە ، هاتمەوە ئەمرێکی دیکەت نەکردووە، ئەگەر ئەمرێکت هەیە باشە، ئەگەر ئەمرێکت نییە کارێک بۆ خۆم دەدۆزمەوە، گوتی: سبەی وەرەوە، بۆ سبەی لێژنەیەکی بالای ڕاگەیاندنی دروست کرد کە (شەهید سامی عەبدولڕەحمان) بەرپرسی بوو، ئەوە لە ساڵی 1966دا بوو، حەمید عوسمان بوو، منیش بووم، ئەو کاتە کاک دارا تۆفیق لە بەغدا بوو، بە نهێنی دەهات، هەتا جارێکیان پێکەوە چووینە لای بارزانی.

لە سووریەوان چاپخانەیەکی لێ بوو، ڕادیۆ ، چاپخانە پێکەوە نەبوون، ڕادیۆکە لە شکەوتی سەردێمان بوو، ئینجا بارزانی گوتی: چەند شەوێک بچۆرە ئەشکەوتی سەردێمان ، شتیان بۆ بنووسە، منیش چووم (سەیدا سالح یوسفی) لەوێ بوو بەرپرسی ڕادیۆکە بوو، کۆمەڵێک وتارم بە کوردی ، عەرەبی بۆ نووسین، پاشان هاتمەوە دیلمان ، لەوێ وتارەکانم دەنووسی ، دەمدایە دەست کاک ئیدریس ڕەحمەتی، ئەو بۆ ئێزگەی دەناردن.

چاپخانەکە لە (سووریەوان) بوو، لەوێ ڕۆژنامەی خەبات دەردەچوو کە کاک (حەمید عوسمان) بەرپرسی بوو، (د. مەحمود عەلی عوسمان) ئەو دەمە چوو بووە مەکتەبی سیاسی کە لە ناوپردان بوو، مەکتەبی تەنفیزیش دروست ببوو، ئێستا دەڵێن با حزب ، حکوومەت جیا بکرێتەوە، ئەوکاتە واتە نزیکەی 50ساڵ بەر لە ئێستا بارزانی بیری لەوەی کردەوە، کە حزب ، بەڕێوەبردنی ئیدارات جیا بکرێتەوە، مەکتەبی سیاسی ئەوە کاری حزب بوو، مەکتەبی تەنفیزیش هەبوو کاری شۆڕش ، ئیدارات ، بەڕێوەبردن بوو ، وەکوو حکوومەتی ئێستا.

(کەمال نوعمان سابیت) مەکتەبی تەنفیزی بوو ، کە ئەفسەرێکی عەرەب بوو ، لەو مەکتەبەدا خەڵکی دیکەشی تێدا بوو وەک (عەبدولڕەحمان قازی). ئینجا بارزانیی نەمر ئەنجوومەنێکی قیادەی شۆڕشی دروست کردبوو لە 40 کەس پێکهاتبوو، لە سەرۆک عەشیرەتەکان ، لە حزبەکانی غەیری پارتی بوون، تەنانەت مەکتەبی تەنفیزیش پارتییان کەم تێدا بوو ، بەڵام ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی پارتی بوو (حەمید عوسمان) لەوێ بوو ، (هەژار موکریانی) هات ، منیش لەوێ بووم، پێکەوە سێ چوار ژمارەمان دەرکرد، ئەو سێ چوار ژمارەیەی خەبات لەوێ دەرچووە ئێمە دەرمان کردووە.

× ئەو ماوەیەی لە نزیک بارزانی بووی چۆن بوو بارزانی لەگەڵ چەند کەسێک تۆی بۆڵای ئەوانەی باڵی مەکتەب سیاسی پێشوو دەنێرێت؟

– لە پەنا چیای کارۆخدا گوندێک هەیە وابزانم (وەڵزێ)یە بە ڕەحمەت بێت زەیتوونێکمان دەخوارد، کاتێک بارزانی چووە لای باگیرۆڤ خۆی خواردنی بۆ تێ کردبوو، کە شۆربا ، خواردنی باش بوو، بارزانی گوتبووی من نایخۆم، ڕازی نابم ئەوە حاڵی من بێ ، هەڤاڵان ، هاوەڵانم نان نەبێ بیخۆن ، برسی بن. ئینجا باقرۆڤ گوتبووی: تۆ بیخۆ حاڵی ئەوانیش چاک دەکەین، بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە کۆنتر بوو، باگیرۆڤ لای وابوو کە کوردستان ، کۆمارەکەی، کە سۆڤیەتییەکان ناویان نابوو (کۆماری کوردستانی ئۆتۆنۆمی) بۆ ئەوەی بڵێن ئێمە دەستمان لە نەخشەی ئێران نەداوە، تاکوو شتی لێ جیا بکەینەوە، سوپا هاتووە ، خەڵکەکە شتێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە، نەک ئەوان کردبێتیان، لەبەر ئەوە ئۆتۆنۆمیان پێوە ناوە، لە ڕاستیدا هیچ ئۆتۆنۆمی نەبوو، پەیوەندیشی بە تارانەوە نەبوو، بە هەموو حاڵێ باگیرۆڤ لای وابوو کە ئەو کوردستانە ئۆتۆنۆمییەک بێت لەناو ئازەربایجاندا. ئازەربایجانی خوارووبچێتە سەر ئازەربایجانی گەورە، کوردستانیش کە ئێستا ئازەربایجانی ڕۆژئاوای پێ دەڵێن مەهاباد ، ئەوانە بێت، ئۆتۆنۆمی لەناو ئازەربایجاندا، بەڵام بیری پێشەوا قازی محەمەد ، کورد خۆی ، هەڵکردنی ئاڵای کورد، دیار بوو کە ئەوان لەگەڵ ئازەربایجاندا لە دۆستایەتیی زیاتر شتێکی دیکە نەبوو.

جا بەو حاڵە ناکۆکییەکەی بارزانیش ڕەنگە هەر لەوێوە هاتبێ لەگەڵ باگیرۆڤدا، ئینتر ماوەیەکی کەم لە باکۆ بوون ، نارەیانن بۆ ئۆزبەکستان، لەوێ بارزانی بارودۆخی باش نەبوو، دوایی ئەوەبوو لە ڕۆژانی دوای (ستالین)دا خۆی گەیاندە مۆسکۆ ، دووان لە بارزانییەکانی لەگەڵدا بوو بە ناوەکانی (حەکیم ، ساکۆی کانی لەنجی) ، بە نهێنی خۆی گەیاندە (کەرملین) ، مەسەلەی خۆی پیشان دا، کە ئەوەی پیشاندا بارودۆخیان تەواو چاک بوو ، ئینجا هێنایانە مۆسکۆ ، بارزانییان بردە (قوتابخانەی بەرزی حزب) بۆ خوێندن ، هەر لەو کاتەدا باری ژیان ، ئابووریشیان باش بوو، من جارێک یەکێکی سۆڤیەتی، کە ئێستا پلەوپایەی هەیە لە ئازەربایجان، بارزانی دەناسی، گوتی: بە ڕاستی بارزانی گەورەیە ، گەورەیە، لای ئێوەش هەر گەورەیە، بەڵام سەیر ئەوەیە بارزانی چەند گەورەتر بێت لەبیری ناچێتەوە کە بارزانییە. لێرە لەم وڵاتەدا چەندین سەرکردەی دوورخراوەی وڵاتان هەن وەکوو بارزانی، تەنانەت هی ئیسپانیا ، هی یۆنانی ، کوێ ، کوێ ، کوێ، بەڵام وەک بارزانی نەبوون، بارزانی لەم وڵاتەدا ئاگای لە هەموو بارزانییەکان ، هەڤاڵەکانی ، یاوەرانی دوورخراوەی خۆی بووە، کە زیاتر لە 500 کەس بوون. ئەو دەیزانی کامیان لەکوێیە ، کامیان دەخوێنێ ، کامیان کار دەکات، چونکە پەرش ، بڵاوبیش ببوونەوە، خۆ هەموو لە مۆسکۆ نەبوون، بەڵام بارزانی هەر ئاگای لێیان بوو. خەمخۆریان بوو ، تەنانەت لەوەشی دەپرسی تا بزانێ کێ ژنی هێناوە یا دەیهێنێ تا هاوکارییان بکات، ئینجا ئەوەی کە کاری دەکرد ، پارەی زۆری هەبووایە هەندێکی لێ وەردەگرتن ، بە یەکسانی بەسەر ئەوانەدا دابەشی دەکرد کە وەزعیان خراپ بوو ، ئەو کەسەی ئەو قسانەی بۆ من دەکرد ئێستا بەرپرسە، ئینجا دەیگوت: ئەمە لە ڕووی ڕەوشت ، ئەخلاقەوە زۆر شتێکی جوان ، گەورەیە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەک سەرۆک عەشیرەت کار کردنە، کە هەر ڕەوشت بەرزییە.

*** لە مۆسکۆ چۆن باسی بارزانییان دەکرد؟ ئەو ماوەیەی بارزانی لای ئەوان بوو؟ کە دوای تێهەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر کەڕانەوەی بارزانی ، هاوەڵانی، بەڕێزیشت بوویتە خوێندکار لەو وڵاتە؟**

– لە مۆسکۆ، پاشان لە (باکۆ)ش ئەوانەی من دیومن لە هەر پلەیەکدا بوو بن زۆر بە گەورەیی باسی بارزانییان دەکرد، (پریماکۆڤ) کە لێپرسراوی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) کە ڕۆژنامەی حزب بوو، ماوەیەک لە قاهیرە بوو، دوایی بووە وەزیری دەرەوە ، پاشان سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا ، من دۆستایەتیم لەگەڵیدا هەبوو ، من لە قوتابخانەی بەرزی حزب خوێندم، دوای ئەوەی دکتۆراکەم وەرگرت، من بووم ، کاک عەزیز محەمەد ، کاک کەریم ئەحمەد بووین، کە پێشتریش بارزانیی نەمر لەوێ خوێندبووی، قوتابخانەکە پێشتر لە لای ئێستگەی (کیسلە ڤۆزکیا) بوو، میترۆی ژێرزەوی لەوێ هەبوو، بارزانی کاتێ لەو قوتابخانەیە بوو مالیشیان لەوێ بوو. ئەوانەی کە مابوون لەو قوتابخانەیە ئینستۆتێکی گەورەیە، کادری حزبی شیوعی جیهان تێیدا دەخوێنێ، لەو کاتەدا کە من لەوێ بووم سەرۆکی بەشەکەمان کە زانی بۆردمانی دەکرد، بارزانی ئەو شوێنەی دەستنیشان دەکرد بۆ بنکە ، بارەگا کە لەسەر نەخشەدا نەبوو، بۆ ئەوەی زیانی پێ نەگات.

نازانم ناوی دیلمان لە کەیەوە هەبووە، هی ئاوەکەیە، هی شاخە، هی چییە نازانم. لەوانەیە لەو کاتەدا ماڵ، منداڵی بارزانیش هەر لەوێدا بووبن، کە چوومەوە لای بارزانی پێم گوت: ئەو برادەرانە ئەوە ڕا ، بۆچوونیانە ، حازریشن بێنە خزمەتت، گوتی: ئەی بۆ نەهاتن، گوتم: دەبێ جەنابت بنێریت بە شوێنیاندا.

ئەو کاتەی ئێمە لەناو شۆڕشدا بووین، شۆڕش چوار دکتۆری تێدا بوو (پزیشک) دەڵێم، کە د. مەحموود عەلی عوسمان، د. تاهیر بابان، کە ئێستا لە وڵاتی سویدە کە ئەو لە ناوچەی بارزان بوو، د. حەسەن کازمی دەچووە ناو شەڕەوە، د. حیکمەت حەکیم مەسیحی بوو، خەڵکی عەنکاوەی هەولێر بوو، ئەو کاتە دکتۆر زۆر کەم بوو، هەر کەس کارمەندی نەخۆشخانەش بوو، تەنانەت حەرەسیش دەرزی لە خەڵک نەدا (پێ یان دەگوت دکتۆر)!.

ئیتر دوای ماوەیەک من لەگەڵ عەزیز شەریف چوومە سووریا ، قامیشلۆ، 10 ڕۆژ لەوێ ماینەوە، ئەو لەوێ پەیوەندیی کرد بە سۆڤیەتییەکانەوە، عەزیز شەریف ، دکتۆر مراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو لەگەڵ (پریاکۆڤ)دا، ئەمانە لەگەڵ عەزیز شەریفدا دادەنیشتن ، دەوریان هەبوو لە ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، پێش ئەوەی عەزیز شەریف بێ بە وەزیری داد، لەو ڕێککەوتننامەیەدا ڕۆڵێکی کارای هەبوو، حزبی شیوعیش لێی دڵگران بوون، بەڵام ئەو دەربەست نەبوو ، پیاوێکی گەورە بوو، مەلا مستەفا زۆری خۆشدەویست، ئەوەندەی کە لەگەڵیدا بووم بۆم دەرکەوت کە پەیوەندییەکەیان زۆر کۆنە ، لە ساڵانی چلەکانەوە بووە، کە عەزیز شەریف (حزبی شعب)ی هەبوو ، دوایی بوو بە (وحدە الشیوعین) دوایی چوونەوە ناو حزبی شیوعی، ئینجا زۆر باوەڕی بە بارزانی هەبوو، هەر لەو کاتەدا بە شەخسیەتی بارزانی سەرسام بوو.

لەو یاداشتەمدا کە دەینووسمەوە، هەندێ شتی شێخ ئەحمەدم لە لایە ئەگەر بینووسم پرس بە کاک مەسعوود، مالی بارزانی دەکەم، چونکە ئەوان منیان ناردووە، نابێ چەند شتێک ئەوان ڕازی نەبن من بیڵێم، ئێستا کە دەنووسم ئەویش من کوردم، یەکەم شت هەواڵی بارزانی لێ پرسیم ، گوتی: تەندروستیی بارزانی چۆنە،هەروەها گوتی: من بارزانی باش دەناسم ، دەرسیشم پێ گوتووە، بەڵام من لە باکۆ ژیا بووم، بارزانی لەگەڵ باگیرۆڤ (باقرۆڤ)دا تێکچوو بوون، باگیرۆڤ هەرچەندە بەرپرسی هەموو (قەفقاس)ی حزبی شیوعی بوو، بەڵام ئازەربایجانییەکی شۆڤینی بوو، دووەمین کەس بووە دوای ستالین، دوای ستالینیش دەستگیر کرا ، لەداریاندا، چونکە زۆری کوشتبوو، چیرۆکی ئەو دڕێژە، بەڵام لەسەر نانخواردن کە داوەتی بۆ بارزانی کردبوو، ببوو بە شەپبان، بارزانی بەرگری لەوانە کردبوو کە لەگەڵیدا ئاوارەی سۆڤیەت ببوون، کە برسێن ، هیچیان بۆ نەکراوە، چونکە ئەو کاتە نان نەبوو کەس بیخوات، ئەو برادەرانەی ئێمە کە لە کۆماری کوردستانەوە نێردرابوون بۆ کۆلێژی سەربازی دەیانگوت: ڕۆژی 300گرام نانی ڕەش ، چەند دەنکە

شتێکی سەرنجڕاکێش ئەوەبوو، کە بارزانی ئاگای لە تێکڕای جیهان هەبوو، ئاگاداری ڕووداو، گۆڕانکارییەکانی جیهان بوو

30 کەسی نارد کە کورد ، عەرەب ، ئەوانە تێکەڵ بوون، دانیشتن ، گفتوگۆیان کرد، ئەنجام ئەوەبوو بەیانی 29ی حوزەیران لە ساڵی 1966 دەرچوو، بەڵام مەلا مستەفا لای وابوو کە دەبێ پێشمەرگە جاروبار پشوویەک بدات. ئینجا سەربازییەکان، بەزازیان لابرد ، عەبدولەلام مرد ، عەبدولڕەحمان عارف خۆی چوو بۆ لای بارزانی، چونکە مەلا مستەفا کە چوە شاخ لە ساڵی 1961دا لە کاتی بەرپاکردنی شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتا کۆچی دواییشی کرد، ئیتر بەغدای نەبینییەوە ، نەدەچووە لایان، ئەوان دەهاتنە لای بارزانی، تەنانەت بۆ گفتوگۆ، دانوستاندنیش لە کاتی 11ی ئادارپشدا، (هەر دیسانەوە سەددام بەپێی خۆی هات بۆ بارەگای بارزانی).

*** لە مۆسکۆ چۆن باسی بارزانییان دەکرد؟ ئەو ماوەیەی بارزانی لای ئەوان بوو؟ کە دوای تێهەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر کەڕانەوەی بارزانی ،**



ئەفغانستان..
دووبارە دەنگەکان ئەژمار دەکرێنەوە

پشتیوانی لە غانی-دۆ

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی کەمی ماوە بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئەفغانستان کە 28ی ئەیلوول بەڕێوەچوو، کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە بڕیاریدا بە دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگی هەشت هەزار و 225ناوەندی هەڵبژاردن. گوتەبێژی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان، زەبیحوڵلا سادات لە لێدوانێکیدا ، ئاماژەی بەوە کرد کە بەو بڕیارەی ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەریانکردووە دووبارە دەنگی ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندی هەڵبژاردن لەسەرتاسەری وڵات ئەژمار دەکرێتەوە. سادات باسی لەوە کرد کە بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی شەفاف ڕابگەیەندرێت.



پێویستە دووبارە دەنگەکان ئەژمار بکرێنەوە، داواشی لە تەواوی چاودێرانی کاندیدەکان کرد لە ناوەندەکانی ئەژمارکردنی دەنگەکان بن لەکاتی دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگەکاندا. گوتیشی: "دەنگی هەشت هەزار و 225ناوەندی هەڵبژاردن لەسەرتاسەری وڵات سەرلەنوێ ئەژمار دەکرێتەوە ." پشتیوانی لە غانی-دۆ لە کاتێکدا تەواوی کاندیدەکان دژایەتی خۆیان بۆ دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان ڕاگەیاندووە، سەرکۆماری ئێستای ئەفغانستان و کاندید لەو هەڵبژاردنەدا، ئەشرەف غانی پشتیوانی خۆی بۆ دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان دەربڕی. گوتەبێژی نووسینگەی هەڵبژاردنی غانی، ڕەزوان مراد ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستەکاندیدەکان دەست لە کاروباری کۆمسیۆن وەرنەدەن و ، گوتی: "با واز بێنین کۆمسیۆن کاری خۆی بکات، با دووبارە دەنگەکان ئەژمار بکاتەوە و لە کاتی خۆیدا سەرکۆماری نوێ ڕابگەیەنێت. ئێمە نابێت دەستوەردان بکەین لە کاری ئەواندا." ڕەزوان مراد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چ کاندیدێک دەنگی زیاد بێت ئەوە دەبێتە سەرکۆمار و ، کەس ناتوانێت ڕێگری لەوە بکات.

کاردانەوەی کاندیدەکانی دیکە

سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری ئەفغانستان و کاندید بۆ پۆستی سەرکۆماری ئەو وڵاتە، عەبدوڵلا عەبدوڵلا ئاماژەی بەوە کرد کە ناخوازن دووبارە دەنگەکان ئەژمار بکرێتەوە. عەبدوڵلا باسی لەوە کرد کە ئەگەر ئەژماری دەنگەکان هەڵنەوەشێندرێتەوە ئەو دەرەنجامە قبوڵ ناکەن کە دەردەچێت و ، پێویستە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن یاری بە ئیرادەی گەل نەکات. عەبدوڵلا باسی لەوەیش کرد کە هەرگیز ڕێگە نادەن بە بیانووی دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان دەنگە ساختەکان حساب بکەن ، ئەوەیشی خستەڕوو کە کاتێ کاندیدەکان چاودێریان نەنارد هەر دەرەنجامێک دەرچێت لەو دەنگ ئەژمارکردنەوەیەدا لە لایەن هیچ کەسێکەوە قبوڵ ناکرێت. لە لایەکی دیکەوە، گولبەدین حیکمەتیار و ڕەحمەتوڵلا نەبیل کە لە کاندیدانن بۆ پۆستی سەرکۆماری ڕوونکردنەوەیان بڵاوکردەوە و ، دژایەتی خۆیان بۆ دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان خستەڕوو.

ڕەنگە ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دوابخرێت

ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئەفغانستان کە چاوەڕوان دەکرا 14ی تشرینی دووەم ڕابگەیەندرێت، پێدەچێت جارێکی دیکە دوابخرێت. گوتەبێژی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر دووبارە ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان خێرا تەواوبێت لەکاتی خۆیدا ئەنجامەکان ڕادەگەیەندرێت و بە پێچەوانەوە ڕەنگە دوابخرێت. لە ڕوونکردنەوەکەدا ئاماژە بەوەیش کراوە کاری جددی کراوە بۆ ئەوەی ئەژمارکردنی دەنگەکان لە کورتترین ماوەدا تەواوبکرێت. چاوەڕوان دەکرا 19ی تشرینی یەکەم ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئەفغانستان ڕابگەیەندرێت، بەڵام دواخرا بۆ 14ی تشرینی دووەم .

چواردەمین هەڵبژاردن لە دوای ڕووخاندنی تاڵیبان

دوای ئەوەی تاڵیبان لە ساڵی 2001لە ئەفغانستان ڕووخێندرا، ئەوە جاری چوارەمە هەڵبژاردنی سەرکۆمار لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت، لەبەرئەوە ڕێوشوێنی ئەمنیی نائاسایی گیرابووبەر بەرامبەر هەڕەشەکانی تاڵیبان. لەو هەڵبژاردنەدا کە 14کاندید کێبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆمار، نۆ ملیۆن و 600هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیەش تەنها دوو ملیۆن و 695هەزاریان دەنگیاندا. ئەمە لە کاتێکدایە لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2014دا ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرکۆماردا لەو وڵاتە لە سەروو لەسەدا 50وە بوو.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1935:
بەهۆی داگیرکردنی ئەسیوپیا ، کۆمەڵەی گەلان ژمارەیەک سزای بەسەر ئیتاڵیادا سەپاند.



ساڵی 1963:
لە عیراق یەبدولسەلام عارف کودەتایەکی لە دژی بەعسیەکان ئەنجام دا .



ساڵی 1978:
لە شاری جۆنز تاونی ئەمەریکا 913 کەس کە زیاتر لە 200یان منداڵ بوون ، خۆیان کوشت .



ساڵی 1987:
لە میترۆی لەندەن ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و سەدان کەس بریندار بوون .



ساڵی 1993:
حکوومەتی باشووری ئەفریقیا و نیلسۆن ماندێلا سەبارەت بە دانانی دەستوورێکی ئینتیقالی ڕێککەوتن .



ساڵی 2002:
ژمارەیەک پشکێنەری چەکی ئەتۆمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە عێراق .

www.xebat.net
دووشەممە 2019/11/18 ژمارە (5873)
خەبات

سەربەخۆنەبوونی ڕاگەیاندن..

کەناڵی «جەزیرە» وەک نموونە





غازی حەسەن

هەندێک ڕاگەیاندنکارانی کوردستان پێداگرییەکی توند لەسەر دروستکردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ دەکەن و هەندێک ئەم ئاراستەیە بەڕاگەیاندنی ئەهلی دەبەستنەوە. لەکردەوەدا ئەگەر سەیری کاری ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت لەهیچ شوێنێکی دونیا شتێک بەناوی سەربەخۆبوونی ڕاگەیاندن نییە، ڕەنگە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ، دەزگای سەربەخۆ بدۆزینەوە، بەڵام هیچ یەکێکیان سەربەخۆ نین لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی هەواڵ و زانیاری و هەڵبژاردنی بابەت و گوتارەکانیان.ئەمشەو هەواڵی خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵکی ئێرانم دەخوێندەوە.

هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لەڕوانگەی سیاسی و دیبلۆماسی و پەیوەندییە نهێنییەکان و پەیوەندی وڵاتەکان بەئێرانەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکان کردووە. کەناڵی جەزیرە، کە یەکێکە لە کەناڵە پێشەنگەکانی بانگەشەی سەربەخۆیی و پیشەیی بوونی ڕاگەیاندن لەجیهانی عەرەبیدا، لەناونیشان و مانشێتێکی زەقدا لەماڵپەڕەکەیان نووسیویەتی (احتجاجات إيران.. السلطات تلوح بالقبضة الحديدية لمواجهة "المخربين".) مەبەستم لەم باسە بەکارهێنانی وشەی (تێکدەرانە)، لەم دەستەواژەیەدا جەزیرە کردەی (هەڵوێست و وەسفکردن و حوکمدانی) لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران دەربڕیوە، پێناسەیەکی خراپ لەقازانجی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ خۆپیشاندان دەکات. هەر لایەنێک بیەوێت پیشەیانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوێک بکات، دەڵێت بەپێی (ڕاگەیاندنی ئەو لایەنە دەگوترێت تێکدەران. هەر کەناڵی جەزیرە لەهێرشی تورکیا دژی کوردستانی سووریا، هەمان پرەنسیپی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی قەتەری لەگەڵ ئەردۆگان پەیڕەو کرد. واتە جەزیرە وەکو کەناڵێکی هەواڵی سەربەخۆیانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵێک ناکات، کە زیان بەپەیوەندی نێوان (سەرچاوەی داراییەکەی/ قەتەر) و ئەو وڵاتە و لایەنە دەگەیەنێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەم ڕوانگەوە دەبێت پێداچوونەوە بە پێناسە و کاری ڕاگەیاندن بکرێت.

من پێم وایە ڕاگەیاندنی ڕووسیا، ئەمەریکا و ئەورووپاش هەمان پرەنسیپ پیادە دەکەن، هەندێک لەو پرەنسیپانە پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەیی هەیە، هەندێکیان پەیوەندی بەپێشەیی بوونی خودی دەزگای ڕاگەیاندنەکانەوە هەیە.ئەم باسەم بۆ ئەوەیە بزانین ئەرکی ڕاگەیاندن بەر لەوەی ئەرکێکی پیشەیی بێت، ئەرکێکی سیاسی و دیبلۆماسی و ئەخلاقیشە، لەکردەوەشدا بۆمان دەردەکەوێت هیچ دەزگایەکی سەربەخۆ، هەروەسا کاری سەربەخۆیی لەڕاگەیاندن نییە، بەڵام دەکرێت ڕاگەیاندن (پیشەیی بێت، ئیلتیزام بە بنەما نێودەوڵەتییەکان بۆ گەیاندنی زانیاری و خزمەتکردنی وەرگر و بەکارهێنەرانی گشتی و گەیاندنی هەواڵ بکات.

ڕاگەیاندنی ئەڵمانی دەڵێن (کۆژراو لەخۆپیشاندانەکانی ئێران هەیە)، (ڕووسیا الیوم)ی ڕووسی دەڵێت (وەزیری ناوەخۆی ئێران دەڵێت، سیاسەتی دان بەخۆداگرتن پەیڕەو دەکەین، بەڵام بۆ گێڕانەوەی ئارامی دەجووڵێین). هەندێک لەڕاگەیاندنەکانی هەولێر (ئامازی قوربانییانی خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەندرێت) بڵاودەکەنەوە و هەندێک ڕاگەیاندنی سلێمانیش (ئێران.. گرانکردنی نرخی سووتەمەنی پشێوی لێدەکەوێتەوە) بڵاودەکەنەوە. ئەگەر وردبوونەوەیەکی پیشەیانە لەڕوانگەی کاری ڕۆژنامەوانی بۆ ناونیشانی ئەم دوو هەواڵە کوردییە بکەین، یەکسەر (هەڵوێست و بیرکردنەوە و کاردانەوە و دۆخی دەروونی) ڕاگەیاندن و کارە ڕۆژنامەنووسیەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. یەکێکیان جەخت لەسەر (پەیوەندی کوردی و وابەستەبوون بەزانیاری لەبارەی کورد) دەکاتەوە، ئەوی دیکەشیان دۆخەکە بە (پشێوی) وەسف دەکات.لەم مانشێتانە بۆمان دەردەکەوێت سەربەخۆیی لەڕاگەیاندن نییە، بەڵکو هەڵوێست و پابەستبوون و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و دیبلۆماسی و کارتێکردن و کاردانەوە هەیە. هەرچەندە ڕاگەیاندن بیەوێت وەکو پیشە، لەچوارچێوەی هەواڵ مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە هەتا دەرەکییەکانیش بکات، پێویستە پیشەیی بێت، بەڵام ناتوانێت خۆی لە(کارتێکردنی سیاسی و بەرژەوەندییە ئابووری و دیبلۆماسی و کاریگەرییە دەروونی و تایبەتییەکان) بپارێزێت.لەهێنانەوەی ئەم چەند نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن سەربەخۆیان لەمامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵەکان پیادە نەکردووە، بەڵکو پەیوەستن بە(ئینتما وبەرژەوەندی وڵاتەکان و هەڵوێست لەئێران و خەڵکی ئێران و کورد)، تەنیا کەناڵێکی وەکو جەزیرە نەیتوانیوە پیشەیی بێت، هەندێکی دیکەش وەکو جەزیرە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەکە کردووە.واتە سەربەخۆیی ڕاگەیاندن پێناسەیەکی گونجاو نییە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە پێویستە پیشەیی بوون، پابەستبوون بەئەخلاقی گەیاندنی زانیاری بکرێتە بنەما و پێوەر بۆ پێناسە و کردەی گەیاندنی زانیارییەکان و پابەستبوون بەکاری ڕۆژنامەنووسی، جەزیرە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت سەربەخۆیی ڕاگەیاندن پێناسەیەکی هەڵەی نەگونجاوە، پێویستە بیر لەپیشەیی بوون بکرێتەوە، نەک پێناسەیەک پیشەیی بوون دەکاتە قوربانی (مەرام و سیاسەت و بەرژەوەندییە خودی و تایبەتی و گوماناوییەکان).

سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان پێداگرە لەسەر هەڵبژاردنەوەی حەریری



سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان، نەبی بەڕی ئاماژەی بەوە کرد کە پێداگرە لەسەر ئەوەی سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەی، سەعد حەریری کە دەستی لە کارکێشاوەتەوە حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت.بە پێی هەواڵی کەناڵی NBNی سەربە بەڕی، سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاندووە "بە ڕاستی پێداگرم لەسەر ڕاسپاردنی حەریری بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی حکوومەت، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندنی لوبنانە. منیش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی لوبنانم."

حەریری لەگەڵ سەرکۆماری وڵاتەکەی عەونی کۆبووەوە لە لایەکی دیکەوە، سەرۆکوەزیرانی کاتیی، سەعد ئەلحەریری لە پاش 29ی تشرینی یەکەم کە دەستی لەکارکێشایەوە بۆ جاری یەکەم لە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار بەعبدا لەگەڵ سەرکۆماری وڵاتەکەی، میشێل عەونی کۆبووەوە.بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی فەڕمی لوبنان NNA، حەریری پاش کۆبوونەوەکەیان کە نیو کاتژمێری خایاند لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند: "لەگەڵ بەڕێز سەرکۆماردا تاوتوێی بابەتی پێکهێنانی حکوومەتی نوێمان کرد و لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا بەردەوام دەبین لەسەر ڕاوێژکردن."

ئەو خۆپیشاندانانەی حکوومەتیان ناچاری دەستلەکارکێشانەوە کرد وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر بڕیارێکی حکوومەتدا بۆ سەپاندنی باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەتسئەپ، لوبنانیەکان لە 17ی تشرینی یەکەمدا دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.سەرەڕای ئەوەی وەزیری پەیوەندی لوبنان، محەمەد شوقەیر ڕایگەیاند کە لە بڕیاری سەپاندنی باج لەسەر وەتسئەپ پاشگەزبوونەتەوە، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتە کە هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە کۆتایی نەهاتووە.

سەرۆکوەزیرانی لوبنان حەریری، لە 21ی تشرینی یەکەمدا چەند بڕیارێکی دەرکرد بۆ سوککردنی قەیرانی ئابووریی وڵات، بەڵام ئەو بڕیارانە نەبوونە هۆی ڕاگرتنی خۆپیشاندانەکان و، لە بەیروتی پایتەخت لایەنگرانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل چەندین جار پەلەماری خۆپیشاندەرانیان دا.بە هۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکان، حەریری لە 29ی تشرینی یەکەمدا، ئاماژەی بەوە کرد کە "گەشتووەتە باوەڕی ئەوەی دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ بەردەوام بێت لەسەر پۆستەکەی.

دەپارێزێت "و دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە سەرکۆماری وڵاتەکەی عەونی کرد.لای خۆیەوە عەونی داوای لە حەریری کرد کە دەستی لە کارکێشایەوە تا دامەزراندنی حکوومەتی نوێ بەردەوام بێت لەسەر پۆستەکەی.

مانشێت



سکای نیوز:
بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر سازکردنی یەکەم خۆپیشاندانیان ، ئێلەگ زەردەکان جارێکی دیکە هەڵڕژانەوە سەر شەقامەکانی پاریسی پایتەختی فەرەنسا و بارودۆخەکە توندوتیژی لێ کەوتەوە .



ئیلاف :
بەرپرسێکی پایەبەرزی کۆشکی سپی ڕایگەیاند وڵاتەکەی پشتگیری لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران دەکات .



ئەی ئێف پی:
پارتی سەوزی ئەڵمانی هەریەکە لە ئانالینا بیربۆک و ڕۆبەرت هابیکی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دەستنیشان کرد.



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
بە مەبەستی پاککردنەوەی شەقام و شوێنە گشتیەکانی هۆنگ کۆنگ ، چین ژمارەیەکی زۆر سەربازی ڕەوانەی ئەو هەرێمە کرد .



فرانس پرێس:
لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵیا ، بەهۆی باران و لافاوەوە، ژمارەیەک شەقام و شوێنی گشتی داخران .



کەناڵی ئار تی :
لە شاری سان دیاگۆی ئەمەریکا و لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا 5 کەس لە یەک خێزان گیانیان لەدەست دا .

ئەو میوانە ناوەختەی سەری زانایانی سوڕماندو بەبێ دەنگیش جێی هێشتن!



وشەی (ئۆومواوا) بە زمانی گەلانی دوورگەی (هاوای) مانای (نێردراوەی شوێنێکی زۆر دوور) دەگەیەنێت، ئەوە بووە ناوی یەکێ لەو تەنە ئاسمانییە یەگجار دەگمەنانەی کە بە (تەنی نێو ئەستێرەکان) ناسراوەو وا پێدەچێت هەسارۆکەیەک بێت و لە دەرەوەی سنووری سیستەمی خۆرمان دروست بووبێت، واتە لە گۆشەیەکی دیکەی نێو گەلەستێرەماندا بۆ نێو سیستەمی خۆردا هاتووە، جا ئەگەر ئەمە بە تەواوەتی بچەسپێت، ئەوا دەبێتە یەکەم تەنی ئاسمانی نێو ئەستێرەیی هاتوو بۆ ناو سیستەمی خۆرەوە.

لە رووی فەلەکییەوە، ئەم تەنە ناونراوە (A/2017 U11) و بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی پێشوەختەی دەربارەیەوە بزانرێ بۆ یەکەمجار لە 2017.10.19و لەلایەن (ڕۆبەرت ویریک) و لە ڕێگەی ڕوانگەی فەلەکیی (Pan-STARRS) دا دۆزرایەوە کاتێک لە دووریی 30 ملیۆن کیلۆمەتر بوو لە زەوییەوە، وە ئەو کات وازانرا کەوا کلکدارێکی ئاسایی نێو سیستەمی خۆری خۆمانە، بەڵام لە دواییدا دەرکەوت خاوەن خولگەیەکی یەگجار زۆرکراوەو نامۆیە، هەربۆیە دوای یەک هەفتە لە دۆزینەوەی وەک هەسارۆکەیەک، نەوەک کلکدارێک، لەلایەن پسپۆڕانی (یەکێتی فەلەکناسی نێودەوڵەتیی - IAU) ناسێنراو هەروەها ناویان نا (Oumumua) .

بە پێی ڕوانگە فەلەکییەکانی دووەم هەفتە دوای دۆزینەوەی، دەرکەوت هەسارۆکەی (A/2017 U11) خاوەن لادانێکی خولگەیی یەگجار زۆرەو دەگاتە ئاستی 1.1922 ± 0.00268پلە، واتە یەگجار زۆر زیاتر لە هەر هەموو تەنە ناسراوەکانی نێو سیستەمی خۆرو ژمارەی پێوانەییەی پێشووی لادانی شکاندبوو کە لەلایەن کلکداری (Bowell-C/1980 E1) 1.057 پلە وەتۆمارکرابوو کە گەیشتبووە لەسەر ئاستی خولگەکانی سیستەمی خۆردا.

ئەم گۆشە لادانییە یەگجار زۆر بەرزە، جا چ بۆ هاتن یان دەرچوونی بێت لە سیستەمی خۆردا، ئاماژە بەو دەدات کەوا ئەو تەنە ئاسمانییە بەهیچ شێوەیەک نەبەستراوەتەوە بە هێزی کێشکردنی سیستەمی خۆرەوەو دەبێ وەک تەنێکی نێو ئەستێرەیی دەرەکیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ڕوانگە فەلەکییەکان و پێوانەکان ئاماژەیان بەوە داوە کەوا ئەو تەنە ئاسمانییە لە ناوچەی ناسراو بە (کۆستێرەی لایرا) وە دروستبووەو لەبەر کەمیی یەگجار زۆری دانەوەی ڕوناکی خۆر، فەلەکناسان نەیانتوانی دیمەنی فۆتۆگرافیی بینراوی بۆ وەبگرن، بەڵام ڕوانگەکردنە رادارییەکان توانیان دەستنیشانی بکەن و دەرکەوت بریتییە لە هەسارۆکەیەکی نامۆ بە شکڵ و شێوازێکی نامۆتر کە تەنها 10% ی تیشکی خۆری شکاندەوەو تیرەشی لە سنووری 160مەترەو لەسەر شێوەی لاکێشەیەکی درێژە، بە قەدەرایی باڵەخانەی ناسراوی (ئیمپایر ستێیت) ی (نیویۆرک).

لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوە تیشکییە شەبەنگییەگانی ڕوانگەی فەلەکیی (ولیام هێرشل) کە لە 2017.10.25 بۆ ئەم تەنەئا سمانییەی ئەنجامدابوو دەرێخست ڕەنگی زیاتر بەرەو (سوور) باو دەچێ، وەک تەنە هەسارۆکەو نەیزەکییەکانی نێو ناوچەی ناسراو بە (پژبێنی کوپەر- Kuiper Belt) کە شوێنی کۆبوونەوەی سەدان تریلیۆن پار چە بەردی نەیزەکی یەگجار زۆر بچووک تا ئاستی چەند کیلۆمەترێکەو لە خولگەی دووری دواوەی هەسارەی بچووکی (پلوتۆ) وە بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە.

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هەڵگەڕاوەیی بۆ خولگەی هەسارۆکەی (A/2017 U11) بە دەرێخست کەوا لە 2017.10.14 بە نزیکرتین خاڵ لە زەویدا تێپەڕی بوو و گەیشتبووە 24 ملیۆن کیلۆمەتر، هەر بۆیە بەو شێوەیە یەگجار زۆر تاریکەدا دەرکەوتبوو و ئێستاش دوای دوورکەوتنەوەی زیاتری لە زەویدا پایەی ڕووناکییەکەی گەیشتۆتە ئاستی (21) ئەمەش مانای وایە بە هەموو شێوەیەک مەحاڵە ببینرێت.

بە پێی ڕوانگە فەلەکییەکان، 100ساڵ پێش ئێستا ئەم تەنە ئاسمانییە بە مەودای 844 ملیار کیلۆمەتر لە خۆرەوە دووربووەو خێرایی نزیکبوونەوەشی گەیشتبووە 26 کیلۆمەتر لەیەک چرکەداو لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەردەوامی لە خۆردا، خێراییەکەی زیاتر دەبوو تا گەیشتە خێرایی 87.7کیلۆمەتر لەیەک چرکە کاتێک گەیشتە نزیکترین خاڵ، بەڵام لەکاتی بەردەوامیش خێراییەکەی کەمتر دەبێتەوە تا دووبارە لە سیستەمی خۆر دەردەچێت و دەگاتەوە نێوەندی ئەستێرەکان و ئەو کاتە خێراییەکەی دەبێتە 26.33کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا.

لە بەرواری 19ی ئەیلوولی 20177 گەیشتبووە نزیکترین خاڵ لە خۆر و ماوەی نێوانیان گەیشتە تەنها 38ملیۆن و 100 هەزار کیلۆمەتر، واتە 17%نزیکتر لە خۆر بەبەراورد لەگەڵ نزیکترین مەودا لەگەڵ هەسارەی (عوتارد) و ئەوکاتە بەڕێژە خولگەی خۆردا تێپەڕی و پاشان بەشێوەیەکی زۆر توندو بە گۆشەیەکی زۆردا دەستبەجێ خولایەوە بۆ سەرەوەو بە گۆشەی 66پلەی شاقوولیی بەرزبۆوەو ئێستا بە ئاڕاستەی کۆستێرەی (Pegasus) دا دەڕوات.

لە ڕۆژی 2017.10.14و لە دووریی 24 ملیۆن و 1800هەزار کیلۆمەتر لە ڕێتر خولگەی زەویدا تێپەڕی و لە 2017.10.16و لەنێوان خولگەی هەسارەی خۆمان و (مەریخ) دا بەرزبۆوە بۆ سەرووی خولگەی خۆرو لە 2017.11.1 بەسەرووی خولگەی (مەریخ) و لە ئایاری 2018بەسەر خولگەی هەسارەی (موشتەری) دا تێپەڕی و لە کانوونی دووەمی 2019لەسەرووی خولگەی هەسارەی (زوحەل) و لە ساڵی 2022 لەسەرووی خولگەی هەسارەی (نیپتۆن) دا تێدەپەڕێت و بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەوا هەسارۆکەی نامۆی (A/2017 U1) نزیکەی 20.000ساڵی گەرەکە تاوەکو تەنها لەنێو سیستەمی خۆردا دەردەچێت.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری پسپۆڕانی فەلەکناسی دڵنیابوونە لەوەی ئەم میوانە (ناوەخت و نامۆ) یە لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا هاتووەو لەلایەن خۆیەوەش، (پەیمانگەی گەڕان بەدوای ژیان هۆشمەند ژ SETI) لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی لەسەردا ئەنجامداو هیچ جۆرە شەپۆلێکی ڕادیۆیی نامۆ یان تیشکێکی نهێنییداری دەرچوو لە (Oumumua) دا نەدۆزییەوە، بەڵام بەشێک لە گرنگی پێدەرانی بواری بوونی ژیان لە دەرەوەی زەوی وای بۆ دەچن کەوا ئەمە کەشتییەکی ئاسمانیی نێرداروی شارستانییەتەکانی دیکە بووە، بەڵام بەداخەوە ئەوان تەنها ڕاو بۆچوونیان وایەو هیچ بەڵگەیەکی زانستیان بەدەستەوە نییە بۆ سەلماندنی.


زیندەوەرێک پێش ئادەمیزاد وزەی خۆری بەکارهێناوە!



دۆزینەوەیەکی نوێی ئەمریکی دەربخست کەوا جۆرە زەرگەتەیەک هەیەو لەجۆری (زەرگەتەی ڕۆژهەڵات) و ناوە زانستییەکەی (فیبا ئۆرینتالیس) ە جۆرە خانەیەکی تایبەتی ناوەخۆییان هەیە و کاریان ئەوەیە وزەی خۆر وەربگرێت و بیگۆڕێ و بیکاتە کارەبایی. بەمەش دەبێتە یەکەمین زیندەوەر لە جیهانی خۆیدا کە خاوەنی ئەم خەسڵەتە سەیرە بێت.

(ماریان بلوتکن) ی سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە لە زانکۆی (تەل ئەبیب) گوتوویەتی: ئێستا زانایان گەیشتنە ڕاستی ئەو جۆرە زەرگەتانەی کە لە ڕێگای خانەی تایبەتی و لەسەر پەیکەری دەرەکی خۆیاندا وزەی کارەبا بۆخۆیان بەرهەم دێنن لە ڕێگای بوونی جۆرە بۆیەیەک لە نێو تونێڵی ڕەنگ زەردی پەیکەری ئەم زەرگەتانە کە ڕووناکی قەتیس دەکەن و پاشان لە ڕێگای خانە ڕەنگ قاوەییەکانی وزەی کارەبا بەرهەم دێنن، بەڵام تاوەکو ئێستا نەزانراوە ئاخۆ ئەم زەرگەتانە ئەم کارەبایە بۆچی بەکار دێنن؟


ناسا بۆسە دادەنێتەوە بۆ دۆزینەوەی هەسارەیەکی حەشاردراوی سیستەمی خۆر



بێ شک بۆسەی شەڕو پێکدادانمان بیستووە، بەڵام ئایا بۆسەی (فەلەکی) یت بیستووە؟

ماوەیەکی زۆرە فەلەکناسان هەست بە بوونی تەنێکی ئاسمانی گەورە دەکەن کە بارستاییەکەی 5جار ئەوەندەی زەوی دەبێ و ناویان ناوە (هەسارەی نۆیەم)، ئەو تەنە نەناسراوەش وەک بڵێی یاری دەکات بە خولگەی هەندێ هەسارۆکەی بچووکتر لە ناوچەیەکی دوورە دەست کە ناسراوە بە (پژبێنی کوپەر) لە دواوەی هەسارەی (نیپتۆن) دا، بۆیە تیمێک لە لێکۆڵەرەوان داوایان لە سەپەرشتیارانی مانگی دەستکردی TESSواتە Transiting Exoplanet Survey Satellite کە بریتییە لە تلسکۆپێکی ئاسمانیی تایبەت بە دۆزینەوەی هەسارەکانی دەرەوەی سنووری سیستەمی خۆر، جا لەبەر دوورییە یەگجار زۆرەکەی و کەمیی ڕووناکییەکەی، پسپۆڕان دەستدەکەن بە گرتنی وێنەی ورد بۆ چەند ناوچەیەکی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆر بۆ ماوەی دوورودرێژو پاشان بەراوردکردنی گرتەکان دەکەن بۆ دۆزینەوەی هەر کەمبوونەوەیەک لە ڕووناکی ئاستێرەکان ..کە ئەمەیان دۆزییەوە ئەوا دەردەکەوێت ئەو هەسارەیە بە پێش ئەو ئەستێرەیەدا تێپەڕیوە بۆیە ڕووناکی ئەستێرەکەی کەمکردۆتەوە، بەمەش شوێنەکەی بە وردی دەستنیشان دەکەن و ئەوکاتە بڕیار دەدەن بە چ ڕێگەیەک ڕوانگەی بکەن و زانیاری لێ وەدەست بێنن.

نهێنییەکی جیهانی ڕووەک ئاشکراکرا



لێکۆڵەرەوانی ئەمریکی توانیویانە بەشۆکێک لە تەرشی ناووکی ڕیبی (RNA) دەستنیشان بکەن کە یارمەتی ڕووەکەکان دەدات تا هەردوو وەرزی زستان و بەهار لێک جیا بکاتەوە و چاوەڕوانی وەرزی بەهار بکات تا لە کات و شوێنێکی لەبارو تەواودا چالاکییە دڵڕفێنەکانیان ئەنجام بدەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زانکۆی (تێکساس) ئەنجام دراوە و تیایدا لێکۆڵەرەوان ئاماژەیان داوە بەوەی کە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە یارمەتی ڕووەک دەدات لە ناسینەوەی بەهار بیرکردنەوەیەتی لە مانەوەی بۆماوەیەکی دوور و درێژە لەژێر کەش و هەوایەکی سارد و سوڕدا. لەم بارەیەوە (سیبلۆم سۆنگ) ی پسپۆڕ لە زانستەکانی ژیانزانی خانەیی گوتوویەتی: ڕووەکەکان بەمانای ووشە (بیرناکەنەوە) ، چونکە خاوەنی میشکی تایبەتی خۆیان نین، بەڵام هیچ دوور نییە خاوەنی میشکی خانەیی بن و زانیاری دەربارەی وەرزی زستان بەو ڕووەکانە ببەخشێت، ئەم لێکۆڵینەوە نوێیەش زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هەستپێکردنەی ڕووەک بۆ هەردوو وەرزەکانی زستان و بەهارمان پێ دەبەخشێ و ڕەنگە بەشۆکێکی ناووکی کە بە (کۆڵدایر) ڕووەک ناچار دەکات تا لە بارەی وەرزی زستانەوە یادەوەرییەک بۆخۆی دەستەبەر بکات.



ئەو کاتژمێرەی لە پاڵەوانێتییەکانی جیهان بەکاردەهێنرێت گەیشتە یانەی خانزاد

یانەی شەترەنجی خانزاد لەهەوڵەکانی بەردەوامە بۆ زیاتر گرنگیدان بە یاری شەترەنج لەهەرێمی کوردستان و پێشخستنی ئەو یاریبە بە دابینکردنی پێداویستییە پێشکەوتووەکانی بەرێوەچوونی پاڵەوانێتییەکان، ئەویش بەدابینکردنی کاتژمێرێکی پێشکەوتووی یاریبەکان.

چەند پێوەرێک لەیاری شەترەنجدا جێگرێرە وپێویستە دامەزراوەکانی شەترەنج پێڕەویان بکات تا یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنج متمانە بەپاڵەوانێتییەکان بکات کە ئەو دامەزراوەیە دەیکاتەوە، هەنگاوەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد بەم ئاراستەیە رۆیشتن و سەرەتا شەترەنجی یاسایی دەستەبەرکران کە ئەمڕۆکە لە پاڵەوانێتییەکانی جیهاندا یاری پێدەکرێت و دواتریش بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی سەترەنجی عێراقی توانی ئەو پاڵەوانێتییانە لە فیدا (FIDE) تۆماربکاتن کە یانەکە دەیکاتەوە.

هەنگاوێکی دیکە گواستنەوەی یارییەکانی پاڵەوانێتییەکانی یانەی خانزاد بوو بەشێوەی ئۆنلاین لە دوو بەناوبانگترین سایتی شەترەنج لەجیهان، دوا هەنگاویش کە دواترین نابێت، دابینکردنی کاتژمێری دیجیتالی شەترەنجە جۆری DJT3000 کە ئێستا لە پاڵەوانێتییەکانی جیهان بەکاردەهێنرێت، کە بەمدوایە توانرا لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت.




مێسی: ئەگەر بتەوێ لەبەرازیل ببەیتەوە دەبێ زۆر غار بدەی

لیۆ مێسی ئەرژەنتینی خۆشحاڵی خۆی بەبردنەوەکەی هەڵبژاردەکەین بەسەر هەڵبژاردەی بەڕازیل 0-1گۆڵ دەبڕی.

مێسی لە ئەکاونتی فەرمی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە توێتەر نوسیویەتی: لە گێمی یەکەم هەندێ هەڵەی گەورەمان کرد، بەڵام لە گیمی دووەم باروودۆخەکە باشتر بوو، هەروەها مێسی دەڵێت: پێم وایە بەمشێوەیە یاریکردنمان زۆر باشە، بەتایبەتیش لە هێڵی بەرگری، بۆیە پیم باشە لەمەودوا بەمشێوەیە یاری بکەین.

مێسی زیاتر دەڵێت: هەموو یاریزانێک بەرامبەر بەرازیل یاری بکات، پشوویەکی زیاتری دەبێت، لەمەش گرنگتر بردنەوەیە، لەبەر ئەوەی کاتێک تۆ دەبەیتەوە، لەداهاتوودا بەئارامتر بیاری دەکەیت، زۆرمان غاردا و ئەگەر بتەوێ لە بەرایل ببەیتەوە دەبێ زۆر غار بدەیت.

بۆنۆچی قسە لەگەڵ رۆنالدۆ ناکات



لیوناردۆ بۆنۆچی، کاپتنی یۆڤینتۆس و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دووپاتی کردەوە، قسە لەگەڵ هاوتیپەکەی، کریستیانۆ رۆنالدۆ دەکات، دوای گەڕانەوەی هەردووکیان لە ئەرکی نیشتمانی، لە پاشخانی ناڕەزایی دۆن لە دژی بڕیارەکانی راهێنەرەکەی، ماوریسیۆ ساری.

ئەمەو رۆنالدۆ، لە دوایین یاری تیپەکەی بەرامبەر میلان لە کالچیۆدا، بە تووڕەیی چووە دەرەوە، دوای ئەوەی ساری، لە خولەکی 55 ئەوی هێنایە دەرەوە، رۆنالدۆ یەکسەر چووە ئەو دالانەی بەرەو ژووری جلگۆڕین دەچێت، لەجیاتی ئەوەی لەسەر کورسی یەدەگەکان دانیشێت، چەند قسەیەکی نەشیاویشی بەر اهێنەرەکەی وت، بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکان.

بۆنۆچی لە مبارەیەوە لێدوانی بۆ رۆژنامەی (تۆتۆ سپۆرت) دا و وتی:"کریستیانۆ رۆنالدۆ؟ حەز دەکەم بەرەو پێشەوە بڕۆم، نەوەکو دواوە، کاتی قسەکردن دەبێت، ئێستا تەنیا دەمەوێت بیر لە هەڵبژاردەی نیشتمانی بکەمەوە".

هەورەها وتی:"رۆنالدۆ ئێستا لەگەڵ پورتوگال یاری دەکات، واتە ئەو لە رووی جەستەیی و هزرییەوە باشە، وەکو شتێکی هەمیشەیی".

وتیشی:"کە گەڕاینەوە تۆرینۆ، کاتی قسەکردن و گفتوگۆکردن دەبێت، هێشتا یاری زۆرمان لە پێشە، کە پێویستمان بە باشترین ئاستی رۆنالدۆ دەبێت". دوا شت وتی: من دڵنیام، ئامانجی رۆنالدۆ باشتر بوونە لە جاران، بۆ یارمەتیدانی یۆڤانتس، بۆ ئەوەی هەموو ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، ئامانجی ئەو، بەدەستهێنانی هەموو شتێکە لەگەڵ یۆڤانتسدا".

رەمزی میرەکانی

سیبۆلکۆڤا: کەس لەو بڕوایە نەبوو واز لە یاری دینم

دۆمینیکا سیبۆلکۆڤای پاڵەوانی ئوسترالیای کراوە بڕیاریدا واز لەیاریکردنی تێنس بهێنێت و دەڵێت: بڕیاری وازهێنان بۆمن هێندە ئاسان نەبوو، کەسیش لەو بڕوایە نەبوو کە وازدێنم، کاتێک ئەو بڕیارەشمدا هەمووان پێیان سەیر بوو، چونکە کەس نەیدەزانی ئەمە دوا پاڵەوانێتییە یاری دەکەم.

تا ئێستا سیبۆلکۆڤای تەمەن 30ساڵ 8نازناوی تاکە کەسی بەدەستهێناوە، و لە ساڵی 2017یەکێک بوو لە 4 یاریزانە پۆلینەکانی جیهانی، هەروەها لە ساڵی 2014گەیشتە یاری کۆتایی یەکێک لە چوار پاڵەوانێتییە گەورەکەی جیهان و لەکۆتاییەکەشدا بەرامبەر لی نای چینی دۆڕاندی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 18. Nov. 2019 No: (5873)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



دەستور: هەر کارێک حەز و ئارەزووت بۆی هەبێت دەتوانی تێدا سەرکەوتوو بیت



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

لە کۆتایی هەشتاکان، ماوەی چەند مانگێک لە جەلەولا سەرباز بووم، لاوێکی خەڵکی ناسریە کە پلەی مولازم ئەوەل و ناوی" حوسێن" بوو ، بەرپرسی سریەکەی ئێمە بوو ، دوای عەسر جار جار لە چایخانەکە یەکترمان دەدیت، ئەو لاوە دەرچووی بەشی کیمیا و زۆر حەزی لە خوێندنەوە بوو ، جار جار جوێنی بە بەعس و سەدام دەدا ، من نەدەویرام هیچ بڵێم، دەترسام سیخوڕ بێت، رۆژێکیان گوتی:

ـ ئەو نیزامە دڕندەیە ، تەنیا بە ئەمەریکا دەڕووخێت. هیچ وەڵامێکم نەدایەوە ، گوتی:

ـ بەداخەوە بڕوات بە من نییە .

ئەوەندەی نەبرد ، بۆ جاری سێیەم لە سەربازی ڕامکرد ، ئەو ڕۆژە سەدام ڕووخا ، قسەکە و دیمەنی مولازم" حوسێن" م هاتەوە بەر گوێ و چاو ، لە دڵی خۆمدا گوتم ئای حوسێن. دنیا دنیایە ، مانگێک بەر لە ئێستا ، لای بازاڕی نیشتمان، زەلامێک بەرو ڕووم هات، یەکسەر دەستی لە ملم کرد و گوتی:

ـ ئێستاش باوەڕم پێ ناکەیت!!

کە لێی وردبوومەوە بینیم" حوسێن" ە ، شاگەشکە بووم و پرسیم.

ـ چ تۆی گەیاندە ئێرە ؟

چوینە باغی شارو دانیشتین، گوتی:

ـ لە شەڕی کوێت ڕامکرد ، ماوەیەک لە سوریا بووم، دوای ڕووخانی سەدام هاتمەوە ، ئێستاش لە دەستی تایەفەو مەزهەب هاتوومەتە ئێرە، لای خزمێکم کە توجارە کار دەکەم.

زۆر قسەمان کرد، لە کۆتاییدا گوتی:


ـ بە داخەوە ئێوەی کورد قەدری خۆتان نەگرت.

دەستی بۆ ریزە دوکانێکی بازاڕی نیشتمان دریژ کرد و گوتی: تا ناسریە کە شاری منە ، هەمووی بگەڕێی ، دوو دووکانی ئەوهای تێدا نییە.

خەبات:سوڵێمان سلێمان

هونەرمەندی لاو دەنگخۆشی شاری دهۆک دەستور لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت:- ناوی تەواوم "محمد سلاح"ە لە ساڵی 1995 لەدایکبووم، ئێستاش لە پەیانگای هونەرە جوانەکانم لە بەشی شانۆ، لە شاری دهۆک نیشتەجێمە ، ئەو سەبارەت بە سەرەتایی دەسپێکردنی کاری هونەرەکەیەوە دەڵێت: لە تەمەنی 16 ساڵیەوە دەستم بە کاری هونەری کردووە ، سەرەتا بە ستایلی راپ دەستم پێکرد چونکە خۆشم زۆر حەزم بەو جۆرە ستایلەبوو ، کە شێوازیی راپ میوزیک بوو ، بەردەوام بووم تا توانیم تێکست و ئاواز بۆ ستایلی راپ میوزیکەکە بنوسم پاشان دەمگوتەوە، بە تێپەڕبونی کات لەگەڵ موزیکەکە میکسم لە گەڵی دانا ، هەر بەردەوام بووم لە سەر شێوازی راپ میوزیک ، بەڵام لەسەر ئەو شێوازە نەمامەوە گۆرانیم بە شێوازی پۆپ گوتەوە و تا ئێستاش لەسەری بەردەوامم، یەکەم بەرهەمی گۆرانیم کە بڵاوکردەوە لە ساڵی2014 بوو بە ناوی"مخابن" کە زیاتر لە یەک ملیۆن بینەری تێپەڕاندبوو لە یوتیوب، ئەو گۆرانییەش بۆ ئەو کەسانە بو کە بێ هیوا دەبن لە ژیان یان هیچ هیوایەکیان بە ژیان نامێنێت، ویستم لە ڕێگەیی ئەو گۆرانیە پەیامی ئەوە بگەیێنم کە هەمیشە پێویستە هیوایەک هەبێت لەلای کەسەکان، تا ئێستاش خاوەنی 9 بەرهەمی گۆرانی خۆم، کە گشتییان لە تێکست و ئاوازی من بووە، هەروەها لە سەرەتاوە کاتێک دەستم بە کاری هونەری کردحەزووخولیایەکی تایبەتی من بوو ئەو کات بیرم نەکردەوە وەک پیشەیەک بێت تا بیێتە بە بژێویەکی ژیانت ، بەڵام لە پاڵ حەزوئارەزوم بۆ هونەرەکەم ئێستا هونەر بۆ من بوەتە پیشەش، چونکە هەر کاتێک حەزووئارەزوت لەسەری هەبێت دەتوانیت تێدا سەرکەوتوو بیت هەروەها ئەوە وەکو بەهرەیەکە کە مرۆڤ خۆی بێ ئەوەی بریاری لەسەر بدات بەدوای حەزوئارەزووەکانی دەکەوێت، لە بارەی پشتگیرییەکەی دەڵێت: خانەوادەکەم و هاوڕێکانم زۆر پشتگیریی منن ،چونکە پشتگیرییەکی باش هەبێت دەتوانیت هونەرەکەت پەرەی پێ بدەی پێشکەوتوو بێت هەروەها ئەوەش زیاتر لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستە ئەوە بکات یارمەتی هونەرمەندانی بدات تا بتوانن سەرکەوتوبن و لەسەر کۆمپانیاکانیش پێویستە یارمەتی هونەرمەندان بکەن و سپۆنسەربیان بکات چونکە ئەوە هەم بۆ خۆیان و هەمیش بۆ هونەرمەندەکەش باشە ، لە بارەی دروستکردنیی ئەلبومی دەڵێت:- من زۆر بەرهەمی گۆرانیم هەیە کە دەتوانم ئەلبومێکی لێ دروست بکەم بەڵام لە حەزم بە دروستکردنی ئەلبوم نییە لە ئێستادا دەمەوێت گۆرانییەکانم بە شێوەی تاک تاک بکەم چونکە وام پێ باشترە، راشیگەیاند کە لە پاڵ کاری گۆرانی گوتن تێکست و ئاوازیش دەنوسم کە خۆم بۆ گۆرانییەکانم بەکارهێناوە، و بۆ هونەرمەندانی تریش ، هەروەها کاری دابەشکردنی موزیکیش دەکەم لەگەڵ میکس و ماستەرینگ، بۆ هونەرمەندان، لە پرسیارێکدا کە ئایا هۆکاری زۆری بینەرەکانی لە یوتیوب چییە دەڵێت: چونکە بەرهەمی گۆرانییەکانم کارێکی نوێن و جیاوازن هەر بۆیەش هەر شتێکی نوێ بێت زوو دەچێتە ناو دڵی خەڵکەوە قەبوڵی دەکەن چونکە بینەر حەز بە کارو چالاکی نوێیە ، هەر بۆیە گۆرانییەکانیشم بینەریان زۆرە، لە بارەی ئەوەی کە ئێستا هونەرمەندان زۆر میلودی گۆرانی بیانییەکان بەکاردەهێنن دەڵێت:-من هیچ خراپییەکەی تێدا نابینم بە پێچەوانەوە چونکە لەهەمووی دونیا ئەو شتە هەیە تەنها هونەرمەندێک میلۆدی گۆرانییەک ببات بێ ئەوەی پرسی پێ بکات یان ئاماژە بە ناوی نەکات ئەوە شتێکی باش نییە، هەروەها نوێترین گۆرانیم لە مانگی رابردودا بڵاو کردەووە بە ناوی"من تو دڤێی" لە ئێستاشدا کار لە سەر چەند گۆرانییەک دەکەم و لە داهاتوودا ڤیدیۆکلیپکم بڵاو دەبێتەوە کە تەواو کارێکی جیاوازە و پێشتر نەکراوە کە بە ستایلێکی ڕۆژئاوایی یە ، پێشبینی دەکەم کارێکی زۆر جیاوازو ناوازەی لێ دەرچێت، ئاشکراشیی کرد گوتی زۆر حەز بە ژەنینی پیانۆ و گیتار دەکەم چونکە لە پەیانگای هونەرە جوانەکان لە بەشی پیانۆم هەروەها من گوێ بۆ زۆربەی هونەرمەندان دەکرم چ ناوخۆ بن یا بیانییەکان بۆ ئەوەی بتوانم سوودیان لێ وەرگرم،لە کۆتاییدا دەڵێت: سوپاسی گشت هەواداراکانم بینەرەکانم دەکەم کە هەمیشە پێشوازییەکی گەرم لە بەرهەمی نوێم دەکەن ، چونکە من بە هەبوونی ئەوان و پشتگیریی ئەوان بەو ڕادەیەی ئێستا گەیشتووم و هەر بەردەوامم بە خۆشەویستی و پشتگیریی ئەوان دەتوانم کاری جوانتر بکەم.

بەهۆی چەند هۆکارێکی ئەمنییەوە، ملیاردێرێک مۆبایلەکانی دەشکێنێت



هەروەک چۆن مارک زوکەر بێرگ، تیپ لە کامێرای کۆمپیوتەر و لاپتۆپە تایبەتەکەی دەدات، بەهەمانشێوە ئیلون ماسک خاوەنی کۆمپانیای سبیس ئێکس هەمان شت دەکات بۆتەوەی خۆی بپاریزێت و بەردەوام مۆبایلەکانی دەشکێنێت و لەناویان دەبات. بەپێی وێبسایتی سپوتینک ماسک تەنها ناوەڕۆکی ناو مۆبایلەکانی ناسڕێتەوە، بەڵکو مۆبایلەکەی بەشێوەیەک لەناو دەبات و دەیشکێنێت کە جارێکی تر کەس نەتوانێت بەکاری بهێنێت یان سوودی لێ وەربگرێت. شایەنی باسە پارێزەری مایک دەڵێت ئەلێکس سبیرو بەردەوام مۆبایلەکەی وەک هەموو بەکار هێنەرێک نوێ دەکاتەوە و هەندێک جاریش هاندەکەی بەهۆی هۆکاری ئەمنی دەگۆڕێت. هەروەها لەلایەکی ترەوە مایا لیڤین بەڕێوەبەری ئەندازیاری ئەمنی دەڵێت چەند شتێک هەیە کەوا لە ماسک دەکات ئەو کارە بکات و ئەمە کارێکی خراپ نییە و دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کاتێک جیف بیزوس هاک کرا، چی لێ بەسەر هات و چۆن وێنەکانی بڵاوبونەوە.

دیانا کەرەزۆن «خاکی شیرین» بڵاودەکاتەوە

خەبات : هەمزە سەرحان

نوێترین گۆرانیی خانمە هونەرمەندی ئوردونی دیانا کەرەزۆن، بە ناوی "خاکی شیرین" بڵاوکرایەوە.لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب، هونەرمەندی گۆرانیبێژ دیانا کەرەزۆن نوێترین کاری هونەریی خۆی بە ناوی خاکی شیرین بڵاوکردەوە.گۆرانییەکە لە تێکست و ئاوازی هونەرمەندی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیرە، دابەشکردنی میوزیک یەڵدان ئورگوزال، ئەندازیاری دەنگ کاوە شێخی.لە ستۆدیۆ سەندرێلا تۆمارکراوە و لە میکسی بەهەدر سگباس، ماستەرینگی موعەمەر توکماک، محەمەد عوسمان کاری وێنەگرتن و مۆنتاژی بۆ کردووە.ئەمە یەکەمجار نییە ئەم هونەرمەندە بە کوردی گۆرانی بڵێت و لە رابردوودا چەند گۆرانییەکی دیکەی بە زمانی کوردی وتووە، یەکێک لەوانە بە ناوی "کوردستان"دەوە بووە. دیانا کەرەزۆن خانمە هونەرمەندی ئوردونی ساڵی ١٩٨٣ لەدایکبووە، دایکی بە ڕەچەڵەک کوردە، یەکەمین براوەی بەرنامەی "سوپر ستار العرب" بووە و، پێشتر گۆرانیی بە زمانی کوردی وتووە بە هەردوو شێوەزاری بادینی و سۆرانی، کە لە ئاواز و تێکستی هەڵکەوت زاهیر بوون.



